داود موراد خەتاری

# جینۆسایدی ئێزدییەکان
## گوندی کۆجۆ

وەرگێڕان و ئامادەکردن
تەها سلێمان

ناوی کتێب:  جینۆسایدی ئێزدییەکان "گوندی کۆجۆ"
وەرگێران و ئامادەکردن بۆ کوردی: تەها سلێمان
ئامادەکردنی بە عەرەبی: داود موراد خەتاری
دیزاینی بەرگ:  نەبەز مستەفا
پێداچوونەوە:  عومەر مەحەمەد
سەرپەرشتیاری کتێب: دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆسایدو ئەنفال
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ:  1000  دانە
نرخ "4000" هەزار دینار
ژمارەی سپاردن: ژمارە )  (123لەوەزارەتی رۆشنبیری پێبەخشراوە
لەچاپخانەی ( ئازادی ) چاپکراوە
ساڵی چاپ: 2015
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆسایدو ئەنفال

گوندی کۆجۆ



ربيعة
زمار
العياضية
الشمال
سنجار
تلعفر
القحطانية
القيروان
البعاج
تل عبطة
الحضر
فايدة
القوش
وانة
تلكيف
الشيخان
زيلكان
بعشيقة
حميدات
الموصل
برطلة
الحمدانية
المحلبية
حمام العليل
النمرود
الكوير
الشورة
القيارة
مخمور
ديبكة
قراج

پەیڤێکی کورت:
پێش ئێستا لە کۆی ئەو چیرۆکـانەی کە نووسـەرو تـوێژەر "داود مـوراد خەتـاری" لە بـارەی هێـرش و پەلامارەکـانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بۆ سەر شەنگال و نـاوچە جێنشـینەکانی ئێزدییەکـان و ئەو تاوانـانەی ئەنجامیدابوون، بەشێکمان لە زمانی عەرەبیەوە وەرگێڕایە سەر زمـانی کـوردی و لە سـیاقی پاراسـتنی نـاوەڕۆکی چیرۆکەکاندا، جارێکی تر داڕشتنەوەمان بۆ کرد .

بەشـێك لەو کـارە بەزنجیـرە لە ڕۆژنـامەی "کوردسـتانی نـوێ"دا، بڵاوکـرایەوەو هاوکـات لە کتێبـی "دووەم"مـان تـایبەت بە جینۆسـایدی ئێزدییەکـان بە تەواوی بڵاوکراوەتەوە .

ئەم کارەی بەردەسـتیش وەرگێـڕان و ئامـادەکردنی کـۆی ئەو چیـرۆکە دیکۆمێنتاریـانەیە کە نووسـەر "داود مـوراد خەتاری" لە بنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی ئامادەی کردون و لە ماڵپەڕی "بەحزانی نێت" بڵاو کراونەتەوە .

چەند هۆکارێك وای لە ئێمە کرد، ئەم چیرۆکانە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی و کاری ئامادەکردن و داڕشتنەوەیان بۆ بکەین، یەکەمیان بۆ ئەرشیفی کتێبخانەو زمانی کوردی گرنگە ئەم چیرۆکە دیکۆمێنتانە هەبن، دووەم چیرۆکە دۆکۆمێنتارییەکان بە زمانی عەرەبی و بە تەنیا لە ماڵپەڕی بەحزانی نێت بڵاو کراونەتەوە، سێیەم لە گرنگترین دێکۆمێنتەکانی سەلماندنی تاوانەکانی جینۆسایدن دژ بە ئێزدییەکان لە سەردەستی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، کە لە ڕۆژی 3-8-2014 بە دواوە ئەنجامدراون .

لە کاری وەرگێڕان و ئامادەکردن و داڕشتنەوەکەماندا، هەوڵماندداوە، لە چوارچێوەی تێکست یان چیرۆکە دۆکۆمێنتارییەکان دەرنەچین و پابەندبین پێوەیان، چونکە ئاکام ئەمانە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی گرنگ و پڕ بەهاو بەنرخن، وەك بەشێك لە سەلماندنی تاوانی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە سەردەستی دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریستی لە عێراق و شام "داعش."

1

شەنگال و دەوروبەری بە شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەرییەوە، بە مەڵبەندو زێدی ژیان و گوزەرانی ئێزدییەکان ئەژمار دەکرێ، ئەوان لە دێر زەمانەوە لە سەر ئەم خاکە ژیاون و بە درێژایی مێژووش، زیانیان بۆ دەوروبەریان نەبوە، بەڵکو وەك سەرچاوە مێژووییەکان دەگێڕنەوە بەردەوام روو بە ڕووی پەلامارو شاڵاوی کوشتن و لەناودان و کۆمەڵکوژی بونەتەوە .

ئاسان نیە لێرەدا هەموشتێك بخەینە بەرباس، بەڵام دەکرێ وەك بیرهێنانەوەش بێت دیارترین ئەو وێستگانە

بیـــربێنینەوە كە مێـــژووی كۆمەڵكـــوژی "جینۆســـایدی" ئێزدییەكان لە چەندین وێستگەو قۆناغی جیاوازدا دیاری دەكەن، ئەمەش لە یەك كاتـــدا یارمەتیـــدەرێكی بـــاش و ئەرێنـــی دەبێـــت بـــۆ ئەوەی لە نـــاوەڕۆكی ئەم چیـــرۆكە دیكۆمێنتاریانەو تاوانەكانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بگەین .

2

نووسەرو لێكۆڵەر، "بەكر عەلی ئال ئیبراهیم عیشـۆ"، لە لێكـۆڵینەوەیەكی وردو بابەتیـانەدا، مێـژووی شـاڵاوەكانی جینۆسایدی ئێزدییەكان پۆلێن دەكـات و هەروەك چەنـدین ســەرچاوەی تـرو نووســەرو لێكـۆڵەری تـریش كاریـان لە سەرئەم بابەتە كردوەو پێوەی ماندووبوون .

پوختەی بەردەست تـا ئێسـتا كە پشتڕاسـتكراوەتەوە یـان یەكلایـــی بـــوەتەوە لە بارەكـــانی مێـــژووی شـــاڵاوو تاوانەكانەكـانی جینۆســایدی دژ بە ئێزدییەكـان "فرمانـات"، دەتـوانرێ بەم شـێوەی خـوارەوە ئاماژەیـان بـۆ بكـرێ و بخرێنە ڕوو .

ئەم فرمانانە بە ژمـارە "6" دەسـت پێـدەكان، چـونكە وەك نووسەرو لێكۆڵەران و خـودی ئێزدییەكـان خۆشـیان دانـی پێـدادەنێن، تـا ڕادەیەك ئاســان نـیەو قورســە بتــوانرێ دێكۆمێنتەكـــانی تـــایبەت بە فرمانەكـــانی "1،2،3،4،5" تایبەت بە تاوانەكان و ئەنجامدانیان و ژمارەی قوربانیەكـان بەردەست بكەون. هەروەك بەشێك لە توێژەران پێیان وایە فرمانی "1" دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 17ی كۆچی، لە كـات و ســەردەمی خەلـیفەی موســڵمانان "عـومەری كـوڕی خەتــاب"دا، كە لەم ســاڵەدا یەكەم كــوردی بە زەبــری شمشێرو كوشتن كرد بە موسڵمان.

فەرمـــانی شەشـــم: دوای فەرمـــانی کۆمەڵکـــوژی ئێزدییەکـان "1،2،3،4،5"، یەك لە دوای یەك لە فەرمـانی "6 تـا فەرمـانی 73" دا چیرۆکـی کۆمەڵکـوژی ئێزدییەکـان دەســـت پێـــدەکات، کە بەدیـــاریکراوی فەرمـــانی "6" لە ساڵی 1570ی "ز"، لە سەردەستی سوڵتان عوسـمانی "سلێمان خان" دەست پێدەکات، هەروەك لە فەرمانەکەدا هاتوە "کوشتنیان بە ئاشکرا، فرۆشتنیان لە بـازاڕی بەنـاو شـــەرعیدا"، واتە فرۆشـــتنیان بە شـــەرع و ئەو بنەمـــا ئاینیانەی رێگای پێداون.

فەرمـانی حەوتەم: فەرمـانی عەلـی پاشـا جـا نیـولاد لە ساڵی 1607، ئەم فەرمانە دوای کوشتنی "7000" هەزار سەربازی عوسمانیەکان هات لە چیای شەنگال، چـونکە ئێزدییەکـان لە بەرهۆکـاری کوشـتنی شـێخی گەورە یـان "ئەمیر"ەکەیـــان پـــاڵ پشـــتی وهاوکارییەکانیـــان بـــۆ عوســـمانیەکان راگرتبـوو، لەم بەر ئەم هۆکـارەش هێـزی سەفەوییەکان بە سەرکردایەتی شا عەباسی سەفەوی ســاڵی "1588-1629" تـوانی بـۆ جـاری دووەم دەســت بەسەر بەغداد بگرێت و هێزی عوسمانیەکان وەدەربنـێ، هەر لەم کــاتەدا ســـەفەوییەکان شـــاڵاوی کۆمەڵکـــوژی ئێزدییەکانیـــان دەســـــت پێکـــرد، لەبەر لایەنگیرییـــان بۆعوسمانیەکان .

بەم شـێوەیە ئێزدییەکـان جارێـك لەلایەن ســـەفەوییەکان وجارێك لە لایەن عوسـمانیەکانەوە روو بە ڕووی شـاڵاوی راونان وکۆمەڵکوژی بوونەوە.

بەم شێوەیەو بەدرێژایی مێژوو، ئێزدییەکـان لە دەسـڵاتی ســـەفەوییەکان لەلایەک و  دەســـڵاتی عوســـمانیەکان لەلایەکی ترو دەسـڵاتدارانی نـاوچەکە لە بەردەم تـاوانی

کوشـــتن و کۆمەڵکـــوژی و دەســـت بەســـەرکردنی ئافرەتەکانیـان وفرۆشـتنیان و تـاڵانکردنی سـەروماڵیان بونەتەوە، وەك لە سـەرەتاشـەوە ئاماژەمان پێکـرد مێـژووی فەرمانەکان بە "73" فەرمان پۆلێن کراون، واتە ئیزدییەکان "73" جار ڕوبەڕووی کۆمەڵکـوژی "جینۆسـاید" بـوونەتەوە، لە نوێترینیان کە بەشێك پێـی دەڵـێن تـاوانی جینۆسـایدو بەشێکی تریش لە ئێزدییەکان پێی دەڵێن فەرمانی "74"، شاڵاوەکانی (دەوڵەتی ئیسـلامی تیرۆریسـتی لەعێـراق وشـــام –داعـــش)ە کە لەدوای تـــاوانی ئەنفـــالەوە بەدڕنـــدانەترین شـــاڵاوی کوشـــتن و جینۆســـاید دێـــتە ئەژمارکردن، واتە بەکۆنکریتی دەتوانین بڵێـین ئێزدییەکـان لە ســاڵی 17ی کـۆچیەوە بـۆ ســاڵی 2014 "84" جــار بەرپەلاماری کۆمەڵکوژی کەوتوون و جینۆساید کراون یـان لە بەردەم شاڵاوەکانی جینۆسایدا بوون .

دیـارترین کـاراکتەری فرمانـدەی تـاوانی جینۆسـاید دژی ئێزدییەکـان ئەم ئەمیروفەرمانـدانەی خـوارەوە بـوون: " عـومەری کـوڕی خەتـاب، سـوڵتان عوسـمانی سـلێمان خان، فەرمـانی عەلـی پاشـا جـا نیـولاد، ئەمیـر ئەردەڵان خــان ئەحــمەد خــانی ســەفەوی، قــارجی قــای خــان ســەفەوی، ئەحــمەد پاشــا والــی دیــاربکر، والــی وان شـەمسـی پاشـا، والـی دیـاربکر بەکـر مسـتەفا پاشـا فیراری بە بریاری پاشای عوسـمانیەکان، کـابلان پاشـای عوسـمانیەکان، حەسـەن پاشـا والـی بەغـداد، حسـەن پاشا والی دووەمی بەغداد، ئەحمەد پاشا والی بەغـداد، حەسەن پاشا جەلیلی والـی موسـڵ، نـادر شـا پاشـای سەفەوییەکان، سلێمان پاشا ئەبی لیلی والـی بەغـداد، مەحمەد ئەمین پاشـا جەلیلـی والـی موسـڵ دووجـار لە

ماوەی حکومڕانیدا، والی موسڵ پارساڵ عەساکر لەگەڵ کوڕەکەی سلێمان پاش، سلیمان پاشا جەلیلی والی موسڵ، سلێمان پاشا جەلیلی بۆجاری دووەم، والی موسڵ عبدلباقی پاشا جەلیلی، والی موسڵ مەحمەد پاشا جەلیلی، بۆ جاری دووەم مەحمەد پاشا جەلیلی، بۆ جاری سێیەم والی موسڵ مەحمەد پاشا جەلیلی، والی بەغدا سلێمان پاشای گەورە، بۆ جاری دووەم سلێمانی پاشای گەورە، عەبدولعەزیز ال شاری یەکێك لە پیاوەکانی والی بەغداد سلێمان پاشای گەورە، ئەمیری بادینان قوباد بەگ، بۆجاری چەندەمین مەحمەد پاشا ئەل جەلیلی، والی بەغداد عەلی پاشا، عەلی پاشا بۆ جاری دووەم، ئەمیری بادینان بۆ جاری دووەم، والی نەعمان پاشا جەلیلی، بۆ جاری دووەم والی موسڵ نەعمان پاشا جەلیلی کوڕی پاشا سلێمان، والی بەغداد سلێمان پاشای بچوك، ئەحمەد پاشای جەلیلی، والی بەغداد والی بەغداد، مەحمەد پاشا ئینجە والی موسڵ، والی دووەمی موسڵ مەحمەد پاشا ئینجە پیر قەردار، بۆ جاری چەندەمین والی موسڵ مەحمەد پاشا ئینجە پیرقەردار، والی موسڵ عومەر شا، حافز شا، مەحمەد رەشید شا وەك کاراکتەری فەرمانەکانی " 50، 51، 52، 53، 54"، فەریق عومەر وەهبی پاشا، بەکر پاشا، والی موسڵ ئەسعەد پاشا دەرزی، قایمقامی شنگال "حاجی ئیبراهیم بگ ناسراو بە "حاجی ئیبراهیم پاشا"، کە سەرپەرشتی و بەشداری هەبوە لەم فەرمانانە "59، 60، 61، 62، 63، 64، 65، 66، 67، 68، 69، 70، 71، 72"، لە فەرمانی "73"دا فتوای ئافرەتانی بەناو لادەرو حەڵاڵ کردنی خوێنی ئێزدییەکان لە سەر

دەســـتی تونـــدڕەوە ئیســـلامیەكان لە ســـاڵی 2007،
دوایەمـین فەرمـانیش وەك لە ســەرەوەش ئاماژەمـان بـۆ
كردووە، 3—8-2014 لە سەردەستی دەوڵەتی ئیسلامی
لە عێراق و شـام "داعـش" بە سـەركردایەتی "ئەبـوبەكر
بەغدادی"، كە چیرۆكە دیكۆمێنتارییەكانی لێرەوە دەسـت
پێدەكەن، بەشـێك لە تاوانەكـانی دوو تـوێی ئەم فەرمـانە
یان بڕیارە، لە كوشتنی بە كۆمەڵ و رفاندنی كچ و ژنـانی
ئێـــزدی و تـــاڵانكردنی ســـەرەوەت و ســـامانەكانیان،
داگیركـردن وبەتـاڵانبردنی ماڵەكانیـان، فرۆشـتنی كـچ و
ژنەكانیان و هتد.
لە بەر ئەوەی ئـێمە لە كتێبـی یەكەم و دووەم و چەنـدین
ووتارو لێكۆڵینەوەی تـردا، تاوانەكـانی دژ بە ئێزدییەكانمـان
بە پێوەرەكانی ناسین و سـەلماندنی جینۆسـاید بە پێـی
رێكەوتننـــامەی ســـاڵی 1948 ی نەتەوە یەكگرتوەكـــان
كردوەو لێرەشـدا مكوڕییان لەسـەر دەكەیـنەوە، نامـانەوێ
جـارێكی تـر لێـرەدا دووبارەیـان بكەیـنەوە، تەنهـا ئەوەنـدە
نەیێـت كە دەڵێـین بـۆ ناسـینی تـاوانی جینۆسـاید دژ بە
ئێزدییەكـــان باشـــترین پـــلەی شـــارەزایی و زانیـــاری
گەڕانەوەیە بـــۆ هەمـــان ئەو پێـــوەرانە وەك وتمـــان لە
رێككەوتننـــامەی ســـاڵی 1948ی نەتەوە یەكگرتوەكانـــدا
هـــاتوە، كە لەنـــاو بەنـــدو بـــرگە یاســـاییەكانی ئەو
پەیماننامەیەدا دەكەیەنە پێوەر بـۆ دەسـەلماندنی ئەوەی
دژ بە ئێزدییەكان كراوە بە شاڵاوە دڕنـدانەكانی دەوڵەتـی
ئیسلامی تیرۆریستی داعشیشەوە تاوانی جینۆسایدن .
ئیتر لێرەوە پێكەوە دەچینە ناو چیرۆكە دێكۆمێنتەرییەكان و
خوێنـــدنەوەی تراژیـــدیاكان دەســـت پێـــدەكەن، ئەو

چیرۆکـانەی لە هەر رسـتەیەکدا، مـرۆڤ لە ئاسـت زۆر پرسیاری وڵامنەدراوەدا رادەگرن .

3

کۆجـۆ، یەکـێکە لە گونـدە جـوان و ئێـزدی نشـینەکانی سـنووری قەزای شـنگال، بیسـت و سـێ کیلـۆمەتر لە ڕۆژئـاوای شـنگالەوە دوورە، و سـەربەشـارۆچکەی "بلـیج" قەزای "بەعـاج"ە، دانیشـتوانی گونـدەکە بە تەواوی ئێزدین، بە پێی کۆبوونی خۆراك "344" خێزان و "1603"ی لێ نیشتە جێ بوە .

کۆجـۆ لە 3-8-2014 کەوتە بەردەم دڕنـدانەترین شـاڵاوی کۆمەڵکـوژی دەوڵەتـی ئیسـلامی لە عێـراق و شـام "داعـش"، لەم زنجیـرە سـتۆری یـان "چیـرۆکە دیکۆمینتـاری"یەدا، نووسـەرو تـوێژەری بە سـەلیقە "داود مـوراد خەتـاری" باسـی بە سـەرهاتی گونـدەکەمان لە بەردەم پەلامـارو شـاڵاوەکانی "داعـش" لە زمـانی قوربانیەکانەوە بۆ دەگێڕێتەوەو تۆمار دەکات .

بەسـەرهاتە سـەخت و پڕ ئێشـە، رەنـگە هەنـدێ جـار ئاسان نەبێت مرۆڤ لە ئاستیاندا خۆی رابگرێ، ڕەنگیشـە لە کاتی خوێندنەوەیاندا، تووشـی جۆرێـك لە خەمـۆکی و ئازارێکی لە سنوور بەدەر سەخت بێت، ئەمەش بە ڕوای ئـێمە ئاسـاییە چـونکە خـودی بە سـەرهاتەکە خـۆی سەختەو گـوێگرتن و دانیشـتن بە دیارییەوە ئـازارێکی بە سوێیە.

4

وەك وتمـان ژمـارەی خێزانەکـانی گونـدی کۆجـۆ بە پێـی کۆبـونی خـۆراك "344" خێـزان و ژمـارەی هاوڵاتییەکـانی "1603" کەس بـوون، دانیشـتوانی گونـدەکە بە کـارو

كاسبی جۆراو جۆر سەرقاڵ بوون، بە پێی ئەو زانیاریانەی بەردەست كەوتوون لە چوارچێوەی ئەو شاڵاوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام "داعش"، "303" پیاو و "271" لە چوارچێوەی شاڵاوەكە رزگاریان بوەو "520" پیاو لە گەڵ "509" ئافرەت شەهیدو بێسەرو شوێنكراوانن.

5

ئیهاب عەلی جەدعان مەندەكانی تەمەن 1990، خوێندكاری زانكۆی دهۆك، كۆلێژی ئاداب قۆناغی چوارەم، خەڵكی كۆجۆ، بەم شێوەیە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێ": ڕۆژی 3-8-2014 كاتێك شەڕ لە "سیپا شێخ خدرو گرزرگ" بوو، كاتژمێری حەوت شەڕ لە "تەل قەسەب"[1] دەستی پێكرد، گوندی كۆجۆ "23" كیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای ناوەندی قەزای شنگالەوە دوورە، چواردەوری گوندەكەی ئێمە گوندی عەرەبیە جگە لە گوندی "حاتەمیە" كە "8 بۆ 10" كیلۆمەتر لێمانەوە دوورەو دانیشتوانەكەی لە ئاینی ئێمەیە.
لە كاتێكا "مەروان جدعان" سەبارەت بە كۆمەڵكوژییەكەی كۆجۆ دەڵێ": كاتژمێری حەوتی بەیانی لە گوندی كۆجۆ دەرچوین، چل كەسم لە گەڵدا بوو، داعشەكان وەك باران دامانیانە بەر دەستڕێژی گوللەو دەستگیرمانیان كرد، "من و كورەكەم، سهێل مەحەل، حمدی موراد، سەهی موراد" لە دەستیان ڕامانكردو بەرەو چیا هەڵهاتین، لەناو ترس و دڵەڕاوكەداو دوای دە كاتژمێر رێگاپڕین گەیشتینە "جل میران ."

[1] تەل قەسب ناوێكی عەرەبیە بەكوردی دەبێتە گردی قامیشان

حەوت ڕۆژ بە تەنیا ماینەوە، بەبێ هـیچ هاوکـارییەك و بە برسـێتی و تینـوێتی، لە برسـانا دانەوێڵەمـان دەکـوڵان ودەمـانخوارد، لە ڕێگـا منالْمـان بینـی لە تینـوا مردبـوون، بەڵام ئەوە دوای گرتنـی ئەو خەڵـکەی کە لەگەڵ ئـێمە بـوون، کە گرتیـانن بەرەو تەلـعەفەر بردیـانن و ژن و پیاوەکانیان لە یەکتر جیاکردەوە .
یەکێکی تر لە دانیشتوانی کۆجۆ کە ناوی "عزەت عەباس ئیسـماعیل"ە بەم شـێوەیە بە سـەرهاتی خـۆی دەگێـڕێتەوەو دەڵـێ": لە ڕۆژی 3-8 کـاتژمێری حەوتـی بەیانی لە گوندی کۆجۆدەرچوین بەرەو شـەنگال وبۆ ماڵی "عەلـی جـدعان"، بەڵام بینیمـان دۆخەکە ئـاڵۆزە بـۆیە بەرەوچیا بەرێکەوتین، لە ناوەڕاستی ڕێگا باوکم ئاگـاداری کـردم بگەڕێـمەوە، بەڵام مـن مـۆبێلەکەم دەخسـتوو بەردەوامبووم لە ڕێکردن بەرەو چیـا، ئـێمە هەشـت کەس بـووین (سـێ خوشـك و دایکـم و چوارمنـاڵ)، لە نزیـك یاریگـای شـنگال دەسـتگیریان کـردم، یەکێـك بە زمـانی کـوردی پێـی وتـم ": "بەراز کـودەچی" واتە ئەی بەراز بۆکـوێ دەچیـت؟ کـوا پاسـەوانەکانتان پێشـمەرگە کە لەبەردەم هێزی ئیسلامیدا هەڵهاتن ؟
دواتر بە هەمـوو خەڵـکەکەی وت": بە هێزێکـی کەم و بە ئاسـانی توانیمـان شـەنگال بگـرین، دواتـر لـولەی تفەنـگەکەی خسـتە سەرسـەرم و وتـی": بتکـوژم ئەی بەراز؟ بەڵام گریـانی هەمـوو خێـزانەکەم وایکـرد وازم لێبێنـێ، یەك شـەو لە ڕۆژهەڵاتـی یاریگـای شـنگال ماینەوە، لەوێ "سەهل مەحل حەسـۆ"مان بینـی کە لە دەستی "داعش" هەڵهاتبوو، بانگمان کردوهات بۆلامـان، لە ڕۆژی 4-8 بەرەو دۆڵـی "کلـی زرو" بە ڕێکەوتـین، دوو

شـــــەو لە ئەشـــــكەوتێك مـــــاینەوە، دوای ئەوە بەرەو "سـەردەشـت" لە تەنیشـت "جیل میـرا" ڕۆیشـتین و پێـنج ڕۆژ بە بێنـــان مـــاینەوەو دوایـــی بـــۆ ســـنوری ڕۆژئـــاوا "سوریا."بەرێ كەوتین.
یەكێــك لە گەڕاوەكــانی مەرگــی راســتەقینە، ئەویــش "سـەفوان عەباس ڕەشۆ"یە سـەفوان لە دایكبووی ساڵی 1998، كە لە كۆمەڵكـوژی گونـدی كۆجـۆ رزگـاری بـووەو گەڕاوەتەوە، دەڵـێ": هەمووومـان لە مـاڵەوە بـوین، كاتێـك بـاپیرم ڕۆیشــتە دەرەوە وتـی ئـێمە دەڕۆیـن بـۆ جەنـگ و دەگەڕێینـەوە، ئەوكـاتە جەنـگەكە یـان "شــەڕ" لە "ســیپا شێخ خدرو گرزرگ" بـوو، بەشـێك لە خەڵـكەكە دەرچـون بەرەو چیا، بەڵام زۆریـنە لە نـاو گونـدەكە مـانەوە، چـونكە وتیان ئەوانەی لە گوندەگە دەرچوون "داعش" دەستگیری كردوون، بۆیە خەڵكەكە ترسان لەوەی دەربچن.
سـەفوان دەڵێ": وتیان ئەمیری داعش دێت بۆ گونـدەكە، كاتێـك ئەمیـر "ئەبـو حمـزە خـاتونی" گەیشــت، هەمـوو خەڵكەكە ئاڵای سپیان هەڵكرد، ئەمیر داوای كرد هەمـوو چەكەكــان لای موختــاری "ئەحــمەد جاســۆ"ی گونـــد كــۆبكرێتەوە، هەمــوو ڕۆژێــك ئەم ئەمیــرە "ئەبــو حمــزە خــاتونی" ســـەردانی میوانخــانەكەی موختــاری دەكــردو دڵنیای دەكردنەوە لە سەلامەتی و پاراستنیان .
سـەفوان وردتر باسـی دەكات و دەڵێ": دوای چـوار ڕۆژلە (تسلیم)رادەستكردنی چەكەكان داوایان لێكـردین یـان بە موسـڵمان بوون یان مەرگی راســتەقینە، كاتیـان دیـاریكرد لە ڕۆژی "پێنجشـەمە بۆ یەك شـمە"، لەماوەی دیاریكراودا شــێخ "ئەحــمەد جاســۆ" لە گەڵ شــێخە عەرەبەكــانی

ناوچەکە لە پەیوەندیدا بـوو بە مەبەسـتی درێژکـردنەوەی ماوەی مۆڵەتدراو پێمان.
سـەفوان بەردەوام دەبێـت و دەڵـێ": ڕۆژی شـەممە ئەمیرەکەی داعش هـات و وتـی: مۆڵەتەکەمـان بـۆ ڕۆژی چوارشـەممەی داهاتوو درێژکردەوە، ڕۆژی سـێ شـەممە کـاتژمێر دەی شـەو، هـاتن ئاگادارمـان بـکەن کە وازیـان لێهێناوین و لە سەر ئاینی خۆمان بمێنیـنەوە، ئەمەشـیان وەك ئەمـری "ئەبـوبەکر بەغـدادی" خەلیفەکەیـان پیراگەیاندین.
هەروەك سـەفوان دەڵـێ": دوای کۆتـایی هـاتنی مۆڵەکەمان، "ئەحمەد جاسۆ" دیسان کەوتە نێوەند گیری و ئەوەی خستە ڕوو کە وەك برا مەسیحیەکان مامەڵەمان لە گەڵ بکەن، لە گوندەکە دەردەچین بەبێ هـیچ شـتێك لە زێڕو پارە، دوای دوو ڕۆژ ئەمیر ئەمەی قبوڵکرد، ئێمە لە چـاوەڕوانی ئاگـادارکردنەوە بـووین بـۆ دەرکردنمـان، دوای یەك ڕۆژ یەك رەتـڵ کە "15" ئۆتۆمبێـل بـوون لە داعـش هـاتن، داوایـان لێمـان کـرد لە ناوەنـدی کۆجـۆی کـوڕان کـۆببینەوە، هەمـوان لەوێ کۆبـوینەوە، ئۆتۆمبێلەکانیـان لە تەنیشـت قوتابخـانەکە راگـرت، لە دەرگـای قوتابخـانەکە یەکێك دەیپشکنین و مۆبایلەکانی دەبردین، لە ڕاڕەوەکاندا راوەستاین و هەریەکەو یەك دەبە ئاویان پێدەداین، پاشان داوایان لە ئافرەتەکان کرد بۆ نهـۆمی دووەم سـەرکەون و پیاوەکانیش لە نهۆمی خوارەوە بمێننەوە .
سـەفوان بەردەوامەو دەڵێ": کاتێك ئەبـو حمـزە خـاتوونی هات بۆ قوتابخانەکە، داوای کرد "ئەحـمەد جاسـۆ" بچێـت بـۆ لای، ئەوکـاتە لە ئیـدارەی قوتابخـانەکە دانیشـتبوو، داوای لە هەموان کرد هەرچی زێڕو پارە هەیە بیکەنە نـاو

جانتایەکی رەشــەوە، هەمـووان داواکەیمـان جێبەجێکـرد، دواتر "خاتوونی" قسەی کـردو وتـی": پێتانمـان وت واز لە جــاهلیەت بێـــنن وببـــنە موســـڵمان، بەڵام بە دەنـــگ ئەمرەکـانەوە نەهــاتن، ئێســتا کـێ دەیەوێ واز لە بیــرو بــاوەڕی بێنــێ لە ســەرماڵ وموڵــك وگونــدەکەی خــۆی دەمێنێــتەوە، بەڵام ئەوانـــی تردەریــان دەکەیــن بۆچیــا، داعشــێکی تــر هــات وقســەکانی "خــاتوونی" وەرگێــڕا بۆسەرزمانی کوردی."

پاشــان موختــاری گونــد "ئەحـمەد جاســۆ" وتــی": ئەی خەڵکـی گونـد، مـن لە گونـدەکە دەردەچـم بـۆ چیـا، کـێ لەگەڵــم دێ بایێـــت، کــێش دەیەوێ بمێنێـــتەوە رێگــری لێنــاکەین"، هەمــووان بە یەك دەنـــگ وتیــان "لە گەڵــت دەردەچین بۆچیا."

ســەفوان بەردەوام دەبێـت و دەڵـێ": ئەمیـر "ئەبـو حمـزە خـــاتونی" داوای کـــرد وەجـــبە وەجـــبە ســـەربکەوینە سـەرئۆتۆمبیلەکان گوایە لە گوندەکە دەرمان دەکەن بەرەو چیــا، یەکەم وەجــبە "30 بــۆ 40" کەس دەبــووین بە دوو ئۆتۆمبێل بران، لە دووری "500م" لە باشــووری گونـدەکەو نزیك تاوەری گوندەکەوە گوللە بارانیان کـردن، بەڵام ئـێمە هەســــــتمان بە دەنگــــــی تەقە نەکـــــرد ئەوەش لە بەرقەرەبـاڵغی نـاوەوە، لە وەجـبەی دووەمـدا مـن لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی پیکاب "فاو" سـەرکەوتم، لە رێگـا هەسـتمان کرد لایدایەوە لە شـەقامەکە بەرەو شـارۆچکەی "قیـروان- بلـــیج"، یەکێـــك لە داعشــــەکان وتـــی": بـــۆچی لە ســەرجاهلیەتی خۆتـان مـانەوە لە بەر ئەوە موســتەحقن بەمردن .

لەم کـاتەدا بـوو، "عەفـدۆهمۆ" وتـی: ئەی خـودا یـان دەمانکوژن یان دەمانخەنە زیندان"، ئۆتۆمبێلێکی پیکابیبی "دێـر" لە پێشـمانەوە بـوو کە پیاوەکـانی سەرخسـتبوو، گەیشـتە نزیك تـانکی ئاوەکـان، لە ڕۆژئـاوای شـارۆچکەی "ئەل مەیتـوتە" ریزیـان کـردن، ئۆتـۆمبیلەکەی ئـێمە بە دووری "100م" وەسـتا، یەکسـەر دەسـترێژیان لێکـردین و وتیان" بگەنە ئەوانەی ریزیان بەستوە"؟

چیـرۆکەکەی سـەفوان قورسـترو سـەختر دەبێـتەوەو دەڵـێ": کاتێـك گەیشـتینە لایـان، "سـاڵەح مـوکری" کە خەڵکـی گونـدەکەمان بـوو، ریـز بـن هەمووومـان دەکـوژن، کاتێك بوین بە دوو ریز، من لە ریزی پێشـەوە بـووم و ئـێمە لە سـەر ئەژنـۆ دانیشـتبوین و مـن ئەمـانەم لە گەڵ بـوون "رافع سەعید، نافع سەعید، سەعید عمۆ، عەفدۆ عەمۆ، غالـب ئەلیـاس، خـدر حسـن، ئـدریش بەشـار، سـەعد حەجی، ئەمین بەشار، سالم خدر، سالەح موکری، رەفو موکری، خەلیل بەشـار، فـراس فەیسـل، جەلال شـڤان، خدر خەلەف، تەلال نایف جاسـۆ، نـوزاد سـالەح، شـیرزاد سالەح، حاونج خەلەف" و سێ کەسی تر کە دوانیان لە تـوێژی شـێخەکان بـوون لە "دۆمیـز" ڕۆژئـاوای باشـووری شـنگال کە میـوان بـوون لە مـاڵی "حەسـەن گـالۆ" و کەسێکی تریش.

سـەفوان دەڵێ": هەسـتم کـرد ریـزی دواوەمـان دەکـوژن، لەلای چەپمەوە "رافد سەعید" بـوو، خـۆی دا بە زەویـداو منیشـی لە گەڵ خۆی دا بە زەویدا، من بە سێ فیشـەك بەرکەوتـم و "رافـد" بە چـوار فیشـەك بەرکەوت، کاتێـك دەسترێژی گولەیان لە هەموان دەکرد دەیـانوت "یـاخودێ یا تاوس مەلەك ."

چیرۆکەکەی سـەفوان تـادێ سـەخت و قورسـتر دەبێـت بەردەوام دەبێ و دەڵێ": گوێمان لێیان بوو، دەیانوت پێش ئەوەی فڕۆکەکان بێن با وەجبەی تـربێنین، بۆمـاوەی یەك چارەکە کاتژمێر خۆم بێدەنگ کـرد، بینـیم لە سـەر راگـری لێواری شەقامەکە دەست ڕێژ لە وەجبەی سێیەم دەکەن کە "500م" مەتـر لە ڕۆژهەڵاتـی گونـدەکەوەیەو لە نزیـك وەجبەی یەکەم تەنیشت تاوەرەکە بوو."

سـەفوان راسـتیەکی تـر ئاشـکرا دەکـات و دەڵـێ": بکوژەکـان لە عەرەبـی مەیتـوتەو خـاتوونی و کـیجلاو عەگیـدات بـوون و ئـێمە بەشـێکیانمان دەناسـیەوە"، هەروەها دەڵـێ": وەجـبەی چوارەمیـان لە نزیـک بیرێکـی ئیتروازی لە ڕۆژئاوای گوندەکەوە گوللە بارنکرد، من بۆخۆم دەنگـی دەسـتڕێژەکانم گـوێ لێبـوو، لەم کـاتەدا سـەید "کجی عمو"م بینی لە نێوانمانـدا هەسـتایەوە، بە چـاوی خـۆم بینـیم هەمـووان بەرکەوتبـوون، دواتـر بە سـەر راگرەکەدا هەڵهات و منیش بە هەمان ئاراستە هەڵهاتم، دوایـی "فـارس شـەهاب" هـات بۆلامـان، لە نـاو ڕەزێکـدا گەیشتینە ژوورێـك کە هـی "عەبـاس قاسـم مەتـۆ" بـوو، تێبینیمان کرد کەسێك بە ناوی "سەعد حەجی" لەوێـیە، ئەو بریندار بوو نەیدەتوانی رێبکـات لەگەڵمـان بـۆیە لەوێ بەجێما، هەروەهـا "ئـدریس بەشـار سـەلۆ"مان بینـی کە بەچـوار فیشـەك بەرکەتبـوو، خـوێنی لە بەردەڕۆشـت و نەیدەتوانی رێبکات .

هەروەها سەفوانی دەڵێ": بەرەو لای شـوانەکانی "ئـاڵ بسـکی" ڕۆیشـتین و لەوێ ئاومـان خـواردەوە، پاشـان لە نێـوان کۆجۆوحـاتەمیە لە دۆڵێکـدا خۆمـان شـاردەوە، لە نیـوەڕۆوە تـا ئێـوارە، ژمارەشـمان بـوو بە شـەش کەس

"سـەفوان عەبـاس رەشـۆ، کجـی عەمـۆ سـەلۆ، فـارس شـەهاب ئەحمەد، نـافز هـادی حسـەن، سـامح بەسـی موراد، سەعد موراد ملحـم"، هەر لەم کـاتەدا دەمـانبینی ژن ومناڵەکـان بە ئۆتۆمبێـل بـارکرابوون و بەرەو شـنگال دەبران.
سـەفوان دەڵـێ: کاتێـك تاریـك داهـات بەرەو چیـا بە رێکەوتـین، لە رێگـادا جـوڵەی داعشـەکانمان دەبینـی، چونکە دانیشتوانەکەی حاتمیە ڕۆژانی پێشتر هەڵهاتبوون وئەوانیش ئەوێیان کردبوە بارەگای سـەرەکی خۆیـان بـۆیە نەمانوێرا لێی نزیك بینەوە، لە نێوان تەل قەسـەبی کۆن و گوندی حاتەمیەوە کەوتینە رێ، کاتێکیش هەستمان کـرد جوڵەیان کەم دەبێتەوە بەرەوگوندی خدرشێخۆ ڕۆیشـتین، سێ کەسمان لە بەردەم راگری شـەقامەکە مـاینەوە بـۆ چاودێری وسێیەکەی تریش ڕۆیشـتن بـۆ ئـاو پەیـداکردن، گوندەکە واتە "خدر شێخۆ" چۆڵ و هۆڵ بـوو، کەسـی تیـا نەمابوو، بەڵام سـەگەکان رێگایـان لێگـرتین بـۆ چـوونە نێـو گوندەکەو هێرشیان بۆهێناین، چونکە سـەگەکان لەلایەك برسیان بوو، لەلایەکی تریشـەوە جەسـتەی ئـێمە بـۆنی خوێنی لێدەهات، هەرچۆنێك بوو ئاومان پەیدا کـردو بەرەو رەزو باخەکەی "حەجی" بە رێکەوتین .
لەم کاتەدا سـەفوان و هاوڕێکانی هەست بە دەنگە دەنگ دەکەن و لە پەنـجەرەی ژوورەکـانەوە رۆشـنایی دەبیـنن، بۆیە وەك خۆی دەڵێ": پەلەمان کـرد لە هەڵهـاتن بە نـاو درختەکاندا هەتا گەیشتینە سـەر شـەقامی گشتی نێوان قەیـرەوان و شـنگال، یەکێکمـان ڕۆیشـت بـۆ پشـکنینی رێگاکە، کە بینی کەس نـیە بـانگی کـردین، کـاتژمێر دەی شـەو بوو، بەرەو رەزو باخێك ڕۆیشتین نزیك شـنگال لەوێ

ئاومان دۆزییەوە، لەو رەزو باخەدا تەنها پیرە پیاوێك و پیرە ژنێکی تیا بوو کە خەڵکی تەل قەسەب بوون، داوای خوردنمان لێکردن پێمانیان وت ناتوانن خواردنمان بۆ ئامادە بکەن، ئیتر لەوێوە بەرەوگوندی سۆلاخ ڕۆیشتین و لە کاتی پەڕینەوە لە شەقامەکە تەرممان دەبینی کە کوژرا بوون، لە کاتژمێری 12ی شەو گەیشتینە گوندی "قەنێ"، پێش گەیشتنمان بۆ بەرزاییەکانی چیا ئاومان لێبڕا، نەماندەتوانی سەربکەوین، بۆیە لە ناوچەی "پیری عورا" جارێکی تر ئاومان هەڵگرت و بۆ ڕۆژی دوایی گەیشتینە ناوچەی "مەزار شەرەفەدین" و چوار ڕۆژ لەوێ ماینەوە.

جگە لەم شەش کەسە، هەریەك لە "عەلی عەباس ئیسماعیل" و "عیماد خدر جەدعان" کە ئەوانیش دانیشتووی کۆجۆبوون، توانیبویان بگەنە سەرچیا، "عەلی" لە کۆمەڵکوژییەکە رزگاری بوو، بەڵام "عیماد" لە 12 کەسی خێزانەکەی بە جێمابوو، چونکە خۆی لە کرێکاری بوو لە پارێزگای سلێمانی.

6

سەرنج و بۆچوونی جۆراو جۆر لە سەر کۆمەڵکوژی کۆجۆ لە سەردەستی دەوڵەتی ئیسلامی داعش تۆمارکراوە یان وتراوەو دەوترێ، بەڵام دیارترینیان ئەوەیە کە گوندی کۆجۆ ژمارەیەکی پێوانەیی لە پێناو بڕواو سرووتە ئاینیەکان و خاکدا تۆمارکرد، ئەو کۆمەڵکوژییەش بەرامبەریان کراوە پەڵەیەکی شەرمەزارییە بە نێو چاوانی دووژمنانی و ئەنجامدەرانیەوە.

شاهید حاڵەکان باسی ئەوە دەکەن ڕۆژی هەینی واتە 2014-8-17 ئەمیری ناوچەی شنگال "ئەبو حمزە

خـاتوونی" کە هەنـدێك بە "ئەبـو حەمـزە ئەل حەمیـدی" ناوی دەبەن یان بانگیان دەکرد، هێزێکی زۆری "داعش"ی بەرەو گوندەکە هێناوە لەگەڵ ئۆتۆمبێلی گەلابەو شـۆفەڵ وحەفارەو راسـتەوخۆ ڕۆیشـتوەتە ناو قوتابخـانەی ناوەنـدی گوندەکەوە.

یەکێـك لە دەربـازبوانی گونـدەکە بە نـاوی "نـافز هـادی حەسـەن" لەدایکبووی 1997 و خوێندکار لە پۆلی "10"ی خوێندنی کوردی، بەم شێوەیە باسـی کۆمەڵکـوژییەکەی گونــدی "کۆجــۆ"ی کــردو دەڵـــێ": داعـــش هەمـــوو خەڵکەکەیان لە ناو قوتابخـانەکە کـۆکردەوە، هەمـوو زێـڕو پارەکانیان برد لە گەڵ مۆبایلەکانمـان، داوایـان لێمـان کـرد ببینە مۆسـڵمان، ئێمەش داواکەیانمان رەد کردەوەو وتمان واز لە بیرو باوەڕی خۆمان ناهێنین.

"نافز" دەڵێ: داعشـەکان کۆمەڵێـك لە خەڵکەکەیـان بـردو لە نێویاندا من، یەکێکیان داوای لـێم کـرد ئـاو لەگەڵ خـۆم هەڵگــرم، بینـــیم وەجـــبەی دووەم ســـەردەخەنە ســـەر ئۆتۆمبێـل، منـیش لە گەڵ بـاوکم سـەرکەوتم، بە دووری "500م" لە گوندەکەوە لە دۆڵێکدا ئۆتۆمبێلەکـان وەسـتان، داوایـان لێمـان کـرد دابەزیـنە خـوارەوەو لە سـەر ئەژنـۆ دانیشـن، داواکەیانمـان جێبەجێکـردو ئەوانـیش دەسـتیان کـرد بەگوللەبارانکردنمـان، تەرمـی کوژراوەکـان کەوتـن بە سـەرماندا، من خۆمم لە نێو تەرمەکاندا بینیەوە، باوکم لە کوژراوەکان بوو، دەسـتم لێـدا، لاشـەکەیم جـوڵان گیـانی تێدا نەمابوو لەوێ ژیانی لە دەستدا.

"نــافز" باســـی هەڵهــاتنەکەی بەم شــێوەیە دەکــات و دەڵـــــێ": بینـــــیم دوان لە هاوڕێکـــــانم لە شـــــوێنی کۆمەڵکوژییەکە هەڵهاتن یان دوور کەوتنەوە، منیش خـۆم

ئامــادەکرد بــۆ ڕاکــردن و مــاوەیەک ڕامکــرد، یەکێــك لە داعشـەکان دەستڕێژی لێم کرد، ناچاربووم بەرەو شـوێنی کۆمەڵکـوژییەکە بگەڕێـمەوەو لە نێـو تەرمـی کوژراوەکانـدا خۆم حەشاردا.
"نــافز" دەڵــێ": فڕۆکەکــان گەشــتنە سەرئاســمانی گوندەکە، ئیتر داعشـەکان هەڵهـاتن، ژمـارەی کوژراوەکـان کە مــن ژمــاردم حەوت کەس بــوون، کە دۆخەکە هــێمن بـوەوە جـارێکی تـر دەسـتم کـردەوە بە ڕاکـردن، یەکێکـی تــریش لە رزگاربوەکــان بــوە هــاوڕێم، گەیشــتینە رەزو بــاخێکی نزیــك، لەوێ ئاومــان دۆزیەوەو دەم و چاومــان شـوشت و ئەوەندەی توانیشـمان لە گەڵ خۆمـان ئاومـان هەڵگرت، دەستمان بە رێکردن کردەوەو گەیشـتینە هەتـا گەیشــتینە نــاو رەزو بــاخێکی تــر، بینیمــان داعشــەکانی تێدایە بۆیە بە تەنیشـتیدا ڕۆیشـتین و نەچوینە ناوی، دوای تێپەڕاندنی رەزو باخەکە گەیشتینە چـوار کەسـی تـر، کە ئەوانـیش "سـامح بەسـی مـوراد، سـەعد مـوراد، کچـی عەمۆ، فارس شەهاب کتی" بوون.
"نافز" دەڵێ": گەیشـتینە رەزو بـاخێکی تـر، کە تەنهـا دوو پیرە پیاوو پیرە ژنێکی تیابوو، پرسـیاری ئەوەیان لێ کردین کە ئەم رەزو باخە هی ئێمەیە؟ وایانزانی ئـێمە خـاوەنین، چـونکە ئەوانـیش لە دەسـتی داعشــەکان هەڵهـاتبوون، پێمان وتن نا ئێمە خاوەنی نین، ئاویـان پێـداین ودۆڵەکەی تەنیشـــت رەزو باخەکەمــان تێپەڕانــد، لە رێگــا تەرمــی دووشــەهیدی ئێزدیمـان بینـی ولەوێشــەوە بەرەوگونـدی "قەنێ" ڕۆیشـتین وگەیشتینە رەزو باخێکی تر.
بەرەو چیا بەرێکەوتین، ئاومـان لێبـڕا، شـوانێکی ئێزدیمـان بینی، سـەرچاوەیەکی ئاوی پێشـانداین، ئاومان خواردەوەو

ئەو نانەمــان خــوارد کە شــوانەکە پێــی دایــن، پاشــان بەرێکەوتین، دوای سێ ڕۆژ هێزەکانی چیا ڕێگایـان بەرەو سوریا بۆکردینەوەو لە وێشـەوە بە ئۆتۆمبێلێکی گەڵابە کە تەرمی کوژاروێکی تیا بوو بەرەوزاخۆ هاتینەوە.

7

"سامح بەسی موراد" یەکێکە لەو شـەش کەسـەی لە کۆمەڵکوژی گونـدی "کۆجـۆ"وە رزگاریـان بـوە، خوێنـدکاری پــۆلی ســـێیەمی ناوەنـــدی بـــوە، ئەو بەشـــێك لە کۆمەڵکوژییەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەو شـێوەی کە خـۆی بینیویەتی و یەکێکە لە شاهێد حاڵەکان .

"سامح" دەڵێ": مـن لە وەجـبەی سـێیەم بـووم، کاتێـك تەرمی کوژراوەکانی وەجبەکانی پێشووترم بینی، لە گەڵ یەکێکــی تــر لە خەڵکــی گونــدەکە، خۆمــان بە دوای ئۆتـۆمبێلەکەدا هەڵواســی، داعشــەکانیش دەســتڕێژیان لێکــردین و یەکێــك لە قاچەکــانی بــرادەرکەم فیشــەکی بەرکەوت، بۆیە ناچاریان کردین بەرەو گوندەکە هەڵبێین بە مەبەستی خۆحەشاردان، لەم کاتەدا لەهەمـوو لایەکەوە دەســتڕێژی گولەمـان لێـدەکرا، گەیشــتینە نـاو گونـدەکەو ئەوانـیش مـاڵ بە مـاڵ بە دوامـانەوە بـوون، هاوڕێکەشــم لەبەرئەوەی پێکرابوو ئازاری زۆر بـوو، یەك کـاتژمێری تەواو بە دوامانەوە بوون، ئـێمەش لە گەوری ئـاژەڵی یەکێـك لە ماڵەکاندا خۆمان شـاردەوە.

لەم کاتەشــدا "ســامح" خەمــی هــاوڕێ برینــدارەکەی دەخواو وەك خـۆی دەڵـێ": بە پـارچەیەك قومـاش برینـی هاوڕێکەم پێچایەوە، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك ویسـتمان بە ئاراســـتەی قوتابخـــانەکە دەربچـــین، بەڵام بینیمـــان داعشــەکان بە دوای ئەوانەدا دەگەڕێــن کە لە رووداوەکە

رزگاریان بوە، بۆیە بە ئاراستەی شـوێنی کۆمەڵکـوژییەکە دەرچوین.
"سـامح" دەڵـێ": تەنها 12 کەس لە خەڵکـی گونـدەکە مابوونەوە "مـن، سـەفوان عمـران رەشـۆ"و دوای ئەوەش "نـافز هـادی حەسـەن" بـانگی کـردین و دوای مـاوەیەك ڕۆیشتن گەیشتینە ئەوانی ترکە بـووین بە "6" کەس، لە باخێـك شـتێکی سـادەمان خـوارد کە سـەربە گونـدێکی عەرەب بـوو، تـا کـاتژمێری "7" مـاینەوەو دواتـر لەگونـدی "خـــدر شـــێخۆ" ئاومـــان هەڵگـــرت و بەرەو رەزو بـــاخی "باسـمە" بەرێکەوتین، کە گوێمان لە دەنگـی داعشـەکان بوو، ناچـاربوین بەرەو ڕۆژهەڵاتـی رەزو بـاخەکە بـڕۆین کە دەگەیشـتەوە گونـدی "قەنـێ" و لەوێشـەوە بـۆ مەزاری "شـەرەفەدین" و لەوێـش "قاسـم شـەشـۆ" پێشـوازی لێکردین و بۆماوەی سێ ڕۆژ لای ئەوان ماینەوە.

8

"عەلـی عەبـاس ئیسـماعیل مەنـدەکانی" لەدایکبـووی 1964، کە مامۆستا بـوو لە قوتابخـانەی گونـدی "کۆجـۆ"، ئەویـش یەکـێکە لە رزگـاربوانی کۆمەڵکـوژیی گونـدەی کۆجـــۆ، ئەو بەم شـــێوەیە باســـی رزگـــاربوونی لە کۆمەڵکـــوژییەکە دەکـــات ودەڵـــێ": لە ڕۆژی 3-8-2014 هێـــزی پێشـــمەرگە پاشـــە کشـــێی کـــرد، بەشـــێك لە دانیشـــتوانی گونـــدەکەمان ئـــاوارە بـــوون، مـــن خـــۆم و خێزانەکەم لەگەڵ خێزانی هاوڕێیەکم کە مـاڵێکی هەبـوو لە شـنگال، بەرەو ئەوێ ڕۆیشـتین و لە مـاڵی هـاوڕێکەم مـــاینەوە، ویســـتمان دەربچـــین بە ئاراســـتەی منـــارەی

شـــنگال، بەڵام دەســـت ڕێــژی گولەیـــان لێکـــردین، ناچـــارگەڕاینەوەو لە مزگەوتـــی "عەبـــد لرەحمـــان" شوێنمانیان هەڵکردبوو، لە شوێنێك خۆمـان حەشـاردا تـا کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆ، هاوڕێکەم وتی": با بچین بۆ مــاڵی یەکێــك لە ناســیاوەکانمان بە نــاوی "حەســەن حەمـادە"، ئـێمە ژمارەمـان دەگەیشـتە "40" کەس، بـۆیە هەر "10"کەس و دابەشــی ســەر ئۆتۆمبێلەکـان بـووین، هەموومان خەڵکی گوندی کۆجـۆ بـووین، پێشـتر کەس و کـارەکەم زۆربەیـان دەرچووبـوون بەڵام لە ناوەنـدی قەزای شـنگال لە نزیك شـوقەکانی "ڤیان" شـەهیدکرا بوون.
مامۆسـتا عەلـی دەڵـێ: وەجـبەی یەکەم گەشـتنە ئەو مـاڵەی بـۆی ڕۆیشـتن، بەڵام وەجـبەی دووەم کە مـن و خێزانەکەم و ئەوانی تربووین، داعش دەستگیریان کـردین و هەموو شتەکانمانیان برد، من خۆم "18" مليـۆن دینـارو پڕێکـی زۆر زێـڕو بەڵگەنـامەی فەرمـی خێـزانەکەم پێبـوو، هەموویان برد.
رێـك لە کـاتژمێری "3" پەیوەنـدییان پێمـانەوە کـرد، وتیـان رێکەوتنێك لە نێوان ئەمیـری دەوڵەتـی ئیسـلامی داعـش "ئەبـو حەمـزە خـاتونی" و شـێخی مەنـدەکان لە کۆجـۆ "ئەحـــمەد جاســـۆ" کـــراوەو پـــارێزراو دەبـــین، دیـــاربوو مەبەسـتی ئەم ئەمیـرە "ئەبـو حمـزە خـاتوونی" ئەوەبـوو هەمــوو خێزانەکـان لە چیـا بێــنە خــوارەوە بــۆ ئەوەی بە تەواوی کۆمەڵکوژییـــان بکـــات، بـــۆیە داوای لە "ئەحـــمەد جاســـۆ" کردبـــوو پەیوەنـــدی بە هەمـــوو شـــێخەکانی ئێزدییەکـــان بکـــات و دڵنیایـــان بکـــات لە ئاســـایش و پاراستنیان، چـونکە نـایەوێ لە برسـی و تینـوێتی بمـرن، بـۆیە باشـترە بۆیـان بگەڕێـنەوە بـۆ نیومـاڵەکانیـان. لە بەر

ئەمە "ئەحمەد جاسـۆ" دڵنیـاببوەوەو خێزانەکـانیش پێیـان باش بـوو لە گونـدەکە دەرنەچـن، پێشـیان وابـوو ئەوانەی تریش لە چیا دێنە خوارەوەو دەگەڕێنەوە بۆناوگوندەکە.
مامۆسـتا عەلـی بەوردی ئەوەش دەگێـڕێتەوەو دەڵـێ": دوای دوو کـاتژمێر، پەیوەنـدیمان بە گونـدەکەوە کـرد، دڵنیایـان کـردین کە ئەوان پـارێزراون، یەك کەس دەسـتی بـۆنەبردوون و تەنـانەت یەك رستەشـیان پێنەوتـوون، پێشیان وتین لە کـاتی گەڕانەوەتـان ئـاڵای سـپی بـکەنە سـەر ئۆتۆمبێلەکانتان، بۆئەوەی لە رێگادا یان کە گەیشتنە پرسـگەکان بزانـرێ ئـێمە جەمـاعەتی "ئەبـو حمـزە خـاتوون"ین، بەم شـێوەیە رێکەوتـین بـۆ گەڕانەوە، لەنـاو شـار روو بەڕووی پشـکنین و پرسـیارکردن بـوینەوەو ویستیان ئازارمان بدەن، لە سـەرەتادا ئۆتـۆمبێلی تویێتـای دەبڵ قەمەرەی مەرزیەکەیان لێ سەندین ودزییان، تەنها چوار ئۆتۆمبێل مـاینەوە، لە پرسـگەی باشـووری شـارەکە پرسـیاریان کرد ئێـوە کـێن؟ وتمـان ئـێمە جەمـاعەتی ئەبـو حمزە خاتوونین.
دەشـڵێ": وتیـان بەڵام پێویسـتە لە پێشـماندا ببـنە موسـڵمان یـان بێـنە نـاو ئـاینی ئیسـلام، هەروەهـا شـایەتمان بێنن و بیروباوەڕی خۆتـان واز لێبێـنن بـۆ ئەوەی رێگاتان بدەین لە شار دەربچن. پرسیاری ئەوەشـیان کـرد ئەم پارچە پەڕۆیانە چیە بەسـەر ئۆتۆمبێلەکانتانەوە؟ وتمان ئەمە ئاڵای سـپیە یان ئاشتی. وڵامیـان دایـنەوەو وتیـان": کەواتە ئێـوە کـێ بە دووژمـن دەزانـن؟ لە شـۆفێرەکەش پرسـیاری ئەوەیان کرد کە بیروبـاوەڕی ئێـزدی چـیە؟ دوای راوێژکردن لە نێوخۆیاندا لە بارەی ئەوەی چی لەم ئێزدیانە بکەن، کە ئەم تـێکەڵەیە بـوون عەرەبـی "کجـلە، متیـوتە،

عفـــریە، خـــاتوونی"، وتیـــان لە دوای ئەو ئۆتـــۆمبێلە "ئیســعاف" کە هــی خۆیــان بــوو ســەر بــکەون، بەرەو ناوشـــارومزگەوتی "عەبـــدل رەحمـــان"، لەوێ کەوتە گفتوگـــۆو راوێـــژ لە بـــارەی چارەنوســـمانەوە، دوای گەڕاندمانیانەوە بۆ هەمان پرسـگەی پێشـوو، گـوێم لێبـوو دەیانوت": چی لەمانە بکەین؟

هەروەها مامۆستا عەلی دەڵێ": جارێکی تـر کەوتیـنەوە دوایـان بەرەو مزگەوتـی "عەبـدل رەحمـان"، بەڵام پـێش گەیشـتنمان پێمانیـان وت": بگەڕێـنەوە بـۆ گونـدەکەتان"، پێدەچوو پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان کردبێت، ئێمەش بەرەو گوندەکەمان ڕۆیشتین، لە رێگـا پرسـگەیەکی تـر هەبـوو، پێمان وتن ئێمە لە جەمـاعەتی "ئەبـو حمـزە خـاتوون"ین، کاتێك گەیشتینە ناوگوندەکە بینیمان هەموو چەکەکانیـان لە خەڵـکەکە سـەندوە، مۆڵەتیشـیان بـۆ دانـاون لە ڕۆژی چوار شـەممە 6-8 بۆ 10-8 سـەرپشـکیان کردوون یـان "بە موسـڵمان بوون یان سـەرپڕین."

مامۆســتا عەلــی دەڵــێ": رێکەوتنێــك لە نێــوان خەڵکــی حـــاتەمیە لەم مـــاوەیەدا هەبـــوو، کە ئەحـــمەد جاســـۆ پەیوەنـــدی دەکـــرد بە شـــێخە عەرەبەکـــان بـــۆ ئەوەی دەروازەیەك بدۆزێتەوە بۆ رزگارکردنی خەڵکەکە، یەکێك لە شــێخە عەرەبەکــان ئــایەتی تــۆبەی بــۆ "ئەبــو حمــزە خاتوونی" نوسـی و "ئەحمەد جاسۆ"ش رادەسـتی "ئەبـو حمزە خاتوونی" کرد، کاتێك ئایەتەکەی خوێنـدەوە وتـی": ئەم ئایەتە پەیوەنـدی بە ئێـوەوە نـیەو ئەوان دووحاڵەتیـان لەپێشـــەو نـــابێتە ســـێهەم، ئەویـــش ئەوەیە "یـــان موسـڵمانبوون یان سـەپڕین."

باسـی ئەوەش دەكات ودەڵێ": دوای دوو ڕۆژ كۆمەڵێك لە خەڵكـی گونـدەكە هـاتن و مـوژدەی ئەوەیـان دایـنـێ، كە "خاتوونی" وازی لە گونـدەكە هێنـاوە، بەوەی لە شـوێنی خۆیان بن و مومارەسـەی سـرووت وداب ونەریتـی خۆیـان بــكەن لە چوارچێــوەی ئسـلامدا، دەسـت وەرنــادەینە ناوكاروباری ئاینیان، بەراستی ئەمە بۆ ئێمە خۆشـییەكی گەورە بـوو، هەواڵەكەش بە خێرایـی لەنـاو هەمـوو گونـد نشـینەكاندا بـڵاو بـویەوە، هاوكـات هەمـوو دانیشـتوانی گونــدی حــاتەمیەش لەمــاڵ دەرچــوون، بەڵام گڵــۆپی ماڵەكـان نەكـوژێنرایەوەو موەلیـدەی كارەبـایش ئیشــی دەكرد، بەمەش داعشـەكان بەوەیان نەزانی كە خەڵكەكە دەرچوون بەرەو چیا .
دوای هەڵهاتنی دانیشـتوانی حـاتەمیە، مامۆسـتا عەلـی وردتــر باســی گونــدی كۆجــۆو رەفتارەكــانی دەوڵەتــی ئیسلامی داعش دەكـات ودەڵـێ": دوای ئەوە دەسـتیان كــرد بە گرتنــی چــواردەوری گونــدەكەمان لە هەمــوو لایەكەوە بــۆ ئەوەی شـــتێكی وەك ئەوەی حـــاتەمیە نەكەین، لە ڕۆژی 12-8-2014 كۆمەڵێك ئۆتۆمبێل هاتن بـۆ میوانخــانەی گونــدەكەو لەگەڵ ســەرۆك عەشــیرەت گفتوگۆیان كرد، گوێم لێبوو دەیان وت مۆڵەت نـامە دەدەنە هەمــوو دانیشــتوانی گونــدەكە، دیــارە عەشــیرەتی مەندەكانی ئێزدی ئەم گوندانە دەگرێتەوە "تەل قەسـەب، كۆجـۆ، حـاتەمیە، عەزاویە، شـەهوانیە، عـین فەتحـی"، هەروەك دەیانوت رێكەوتنێك لە شـێوەی رێكەوتـن لە گەڵ مەســیحیەكان دەكــرێ، پارەوزێرەكانیــان پێــدەدرێ لە بەرامـبەر دەرچـوون بەرەوچیـا، دانیشـتوانی گونـدە بەم داواكارییە رازی بوون.

مامۆستا عەلی دەڵێ": ڕۆژی هەینی 15-8-2014 ئێمە کۆمەڵێك گەنج لە یەکێك لە شوێنەکانی ناو گوندەکە کۆببوینەوە، بینیم حەفارەو شۆفەڵ هاتنە ناو گوندەکەوە، بە گەنجەکانم وت کێ لە پشتی ئەم شۆفەڵ و حەفارانەوەیە؟ دوای یەك کاتژمێر نزیکەی چل ئۆتۆمبێل کە چوارییەکانیان پڕکردو چەکەکانی سەریان بە بەتانی داپۆشیبوو بەرەو قوتابخانەی دواناوەندی گوندەکە هاتن.
باسی ئەوە دەکات، کە داعشەکان فەرمانیان کردوە هەموویان لەوێ کۆببنەوە، هەروەها هەرچی پارەو زێڕو سامان و ئۆتۆمبێلیان هەیە هەمووی لە گەڵ خۆیان بێنن، بۆ ئەوەی لە بەرامبەریدا بیانێرن بۆچیای شنگال، دەشڵێ": لە دەرگای قوتابخانەکە یەکێك پشکنینی دەکردومۆبایلەکانی لێوەردەگرتین، دواتر لە ڕاڕەوی قوتابخانەکە رایانگرتین، هەریەکەو یەك دانە بوتڵ ئاویان پێداین، ئۆتۆمبێلەکانیشیان بە تەنیشت قوتابخانەکەوە راگرت، داوایان لە ئافرەتەکان کرد بچنە نهۆمی دووەم و پیاوەکانیش لە نۆهۆمی یەکەم بمێننەوە .
دەشڵێ": کاتێك ئەبو حەمزە خاتوونی هات بۆ قوتابخانەکە، داوای کرد "ئەحمەد جاسۆ" بچێت بۆلای، داوای لێکرد هەرچی پارەو ماڵ هەیە بخرێتە ئەو جانتا رەشەوە، هەموان داواکەیان جێبەجێکرد، دوای ئەوە "خاتوونی" قسەی کردو وتی": پێتانمان وت واز لە جاهلیەت بێنن و ببنە موسڵمان بەڵام وڵامی ئەمرەکەی ئێمەتان نەدایەوە، ئێستاش کێ لە ئێوە دەیەوێ واز لە بیرو باوەڕەکەی بێنێ لە سەرماڵ و سامان و گوندەکەی خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوانی تر دەریان دەکەین بۆ چیا.
بەدوای ئەودا موختاری گوندەکە "ئەحمەد جاسۆ" وتی":

ئەی خەڵکی گوند من دەردەچم بۆ چیا ئەوەی لە گەڵم دێ با بێت، ئەوەشی دەیەوێ لە گوند بمێنێتەوە هیچ لاریمان نیە. هەموو خەڵکەکە بەیەك دەنگ وتیان "لە گەڵت دەردەچین بۆچیا."
هەروەها "خدیدە باپیری" کە یەکێکە لە هاوڕێکانی "ئەحمەد جاسۆ" دەڵێ": بەردەوام لە پەیوەندیدا بووم لە گەڵیدا، لە ڕۆژی پێنج شەمە واتە ڕۆژێك پێش کۆمەڵکوژییەکە ئاگادارم کردەوە متمانە بەوانە نەکات، بیریشم خستەوە چیان کرد بە کەس و کارەکەمان لە گوندی حەردان.
عەلی دەڵێ": ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی داعش "ئەبو حەمزە خاتوونی" داوای لە خەڵکی گوندەکە کرد، وەجبە وەجبە سەربکەونە سەر ئۆتۆمبێلەکان، لە سەر بەڵێنی دەرکردنیان بۆ چیا، یەکەم وەجبە "30 بۆ 40" کەس بوون، بە دوو ئۆتۆمبێل پاسەوانی دەکران، لە لێواری دۆڵێك نزیك لە گوندەکە بە دووری "500م" لای ڕۆژئاواوە کۆمەڵکوژکران، بەڵام ئێمە گوێمان لە دەنگی تەقە نەبوو ئەوەش لە بەر هۆکاری قەرەباڵغی ناوەوە. لە وەجبەی دووەم لە ئۆتۆمبێلێکی جۆری "کیا" سەرکەوتم، بەڵام لە ڕێگا هەستمان کرد لە سەرجادە لایدایەوە بەرەو رەزو باخێك کە بیری ئیرتوازی تێدابوو، لە پێشی هەموو بیرێك حەوزێکی قوڕینی تێدابوو بۆ گلدانەوەی ئاو، کە پانیەکەی "25" مەترو قوڵیەکەی "2 بۆ 3" مەتر بوو، داعشەکان هاواریان دەکرد بە سەرمانداو دەیانوت" خێرا، بچنە ناو حەوزەکە، سەرتان نەوی بکەن، اللە اکبر، دەوڵەتی ئیسلامی دەمێنێ"و ئیتر دەستپڕێژی گوللەیان لێکردین.

مامۆســـتا عەلـــی روونتـــری دەکـــاتەوەو دەڵـــێ": بە شـێوەیەکی بـازنەیی بە دەوری حەوزەکەدا وەسـتابوون، هەموویـان دەسـتڕێژیان دەکـرد، دوای کەمێـك وەسـتان، لاشـەکان بەسـەریەکا کەوتبـوون لەنـاو حەزەکەدا، گـوێم لێبـوو یەکێکیـان دەیـوت": لە دەسـتڕێژەکانتان تەرکیـز لە سـەر سـەریان بـکەن، جـارێکی تـر دەسـتڕێژیان لە سـەر سـەرمان کرد، دوای چارەکە کاتژمێرێک وازیان لێمان هێنا، بانگم کردو وتم": کێ برینداره‌و ئەتوانێ خۆی رزگار بکـات و لە حەوزەکە بێتە دەر؟

"من و سەعید موراد بەسی، دڵشاد سلێمان قاسـم" لە حەوزەکە دەرچـوین و بە زەحـف بەرەو ڕۆژئـاوای حەوزەکە ڕۆیشتین، لەوێ حەوزێکی ترهەبوو بینیمان کۆمەڵێکی تر کـوژراوی تیـایە، نەمـانزانی پـێش ئـێمە یـان دوای ئـێمە کوشـتویانن، لە لای بـاکووری رەزو بـاخەکەوە بە دووری "8" کیلـۆمەتر رەزو بـاخێکی تـر هەبـوو گەیشـتینە ئەوێ، مـــن و هـــاوڕێکەم "ســـەعد مـــوراد" لە ژێـــر کەل و پەلە کۆنەکانـــدا خۆمـــان شـــاردەوە تـــا تاریـــك داهـــات، بەڵام هـاوڕێکەی ترمـان بەردەوامبـوو لە ڕۆیشـتن بەرەو گونـدە عەرەبیەکان، لەم کاتانەدا گوێمان لە دەنگی فرۆکە بوو لە سـەر ئاسمانی گوندەکە بەڵام دیاربوو بەرز بوو، هەروەهـا گوێمان لە دەنگی گوللەبـاران بـوو، دیـارە کـۆمەڵ کـۆمەڵ خەڵکەکەیان دەبردو دیانکوشـت، چاومـان لە دووکەڵ بـوو لە گوندەکەوە بەرزبوەوە، نەمانزانی دووکەڵی سـوتاندنی گوندەکەیە یان هی قەسفی فڕۆکەکانە؟

سـەرەڕای ئەوەی بۆ عەلی و هاوگونـدییەکانی لە بەردەم کۆمەڵکـــوژی و پاکتاوکردنـــدا بـــوون، بەڵام یـــادەوەری یارمەتیداوە لە هەموو رزگاربوەکان زیـاترو وردتـر رووداوەکە

بگێڕێتەوە، بەردەوام دەبێ و دەڵێ": لە کاتی مانەوەمان لە ڕەزو باخەکە دوای دوو کاتژمێر، شۆفەڵمان بینی بەرەو شوێنی تاوانەکە هاتن، نازانم تەرمەکانیان داپۆشی یان ئەو تەرمانەیان دەکردە ناو حەوزەکەوە کە لە دەرەوەی حەوزەکە کوشتبویانن؟ دوای ئەوەش دوو ئۆتۆمبێل هاتن بۆ ڕەزو باخەکە بەدوای رزگاربوەکاندا دەگەڕان و ئەو ناوەیان دەپشکنی، ئیتر شەو داهات، دەرچوین و ڕوومان کردە دۆڵی "نەخیلە"، بە ڕێگای خاکی "ئەل برایز" و لەوێشەوە هەردوو دۆڵی "ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات"مان بڕی و گەیشتینە "تاوەرەکە"، کاتژمێری "12"ی شەو چوینە ناو گوندی "ر"، ئێمە برینداربوین، لە دەرگای ماڵێکماندا، کە دەرگای کردەوە بێ ئەوەی داوای یارمەتیان لێبکەین لەناو باخچەی ماڵەکەیان خۆماندا بە زەویدا، پێمان وتن ئێمە خەڵکی گوندی کۆجۆین، ئەوەی ڕوویدا بوو بۆمان گێڕانەوە، ماڵەکە هاوڕێکەمیان ناسیەوە، برینەکانمانیان تیمارکرد، پێمانیان وت ": ئێمە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی داعش ئاگادارکراوین، ئەوەی هاوکاری ئێزدی یان شیعی بکات لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ، لە بەر ئەمە داواتان لێدەکەین بڕۆن.

بە ڕێگای دۆڵێکدا گەیشتینە گوندی "ن" باکووری قەزای شنگال، گوێمان لە دەنگی بانگدان بوو، هیچ دەرفەتمان نەبوو دەبوایە بچینە ناو گوندەکەوە، پیاوێکی پیرمان بینی بەرەو مەزگەوت دەرۆیشت بۆ نوێژی بەیانی، سڵاومان لێکردو چیرۆکی کۆجۆمان بۆ باسکرد، تا ڕۆژی دوای لای ئەو ماینەوە، بۆ مێژوو دەیڵێم من برینەکەم سەخت بوو، یەکێك لە زانا ئاینیەکان چارەسەری بۆکردم، لە ڕۆژی دووەم وتی": کەسێك هەیە دەتگەیەنێتە سووریا لە بەر

ئەوەی بـرینەکەت سـەختە، بـۆیە کەسـێك هەیە لە رەزو بـاخێکی نزیـك دەتـانگەیەنمە ئەوێ لەگەڵ هـاوڕێکەم "دڵشاد سلێمان قاسم" گەیشتینە رەزو باخەکە لە نێوان "دۆمێزو قابوسـیە"، پێشـی وتـین بگەڕێـن بـۆ هـاوڕێکەی ترتـان، گەڕایـن و نەمـانبینیەوە، رەزو بـاخەکە لە سـەرجادەی گشـتی بـوو، شـەوگەڕاینەوە بـۆ گونـدەکەو چوینە ماڵێکی تر، هاورێکەشم لەوێ مایەوەو خۆم چـومە مـالێکی تـر، سـێ ڕۆژ لەوێ مـاینەوە ئەوان دەترسـان لە برینەکەم، شۆفێری تاکسییەك وتی": من بە 2000 هەزار دۆلار دەیگەیەنمە زاخۆ، لە سـەر ئەمە رێککەوتـین، بەڵام بـۆ ڕۆژی دووەم نـاتوانم بەوکـرێیە بـتگەیەنم کەمە، داوای 8000 هەزار دۆلاری کرد، باوکم و کوڕەکەم شەهید بـوون لە کۆمەڵکـوژییەکە، لە زاخـۆش تەنیـا مـامەیەکم لەوێـیە، پەیوەندیم پێوەکرد سوێندی خواردو وتی: وەڵاهی ناتوانم ئەومەبلەغە بدەم .

عەلی دەڵێ": دوای ئەوە کسێکی تر هەبوو پەیوەندیمان پێوەکرد وتـی دوای چەنـد ڕۆژێـك دەتگەیەنـم، لەم کـاتەدا "خالـد" بـرای هـاوڕێکەم "سـەعید" کە ئەویـش واتە "سەعید" لە کۆمەڵکوژییەکە رزگاریبو، گەیشتە گوندەکە هەرسـێکمان لە رەزو بـاخەکە یەکترمـان بینـی، خـاوەنی ماڵەکە ئاوی بۆ هێنـاین و مۆبایلمـان وەرگـرت و لە رێگـای دۆڵـێکەوە بەرەو زەیتـوونە بە رێکەوتـین بـۆ ئەوەی بگەیـنە چیای شنگال .

لە چوارڕییانی مەرکۆی شـنگال، هەسـتمان بە تیشـکی سەوزی لیزەری کـرد، وتمـان تـازە ئاشـکرا بـووین، زۆر بە خێرایـی خۆمـان گەیانـدە رەزو بـاخەکەی زەیتـوونە، ئۆتـۆمبێلێکی داعـش بەرەو ڕوومـان هـات، بەڵام ئـێمە

خۆمــان حەشــاردا، ئۆتــۆمبێلەكە تێپەڕبــوو، لە تاریكیــدا مــاینەوەو بەرەو دۆڵــی ســەرســار كەوتیــنە رێ، كەچــی ئۆتۆمبێلێك لە تەلعەفەرەوە بەرەو شــنگال هــات، دیســان خۆمــان شــاردەوەو دواتــر گەیشــتینە گونــدی ســۆلاغ، بــۆ ماوەی نیوكاتژمێر ســەگەكان رێگایــان لێگــرتین بچیــنە نــاو گوندەكە، ئیتر من كەوتم و هێــزم لەبەر بــڕا، نەمــدەتوانی رێبكەم، هاوڕێكەم ســەرەڕای شــكانی دەســتی بەڵام لە سەرپشــتی هەڵمــی گــرت، مــن داوام لێكــردن ئەوان سەربكەون بۆ چیاو من لێرە دەمێنمەوە، یەك شــەو لەوێ و لە ســـەربەردەكان و لە تــرس ودڵەڕاوكەو برســێتی و تینــــــوێتی مــــــامەوە، لەگەڵ گریــــــانی بەردەوام بۆكەسوكارەكەم وكۆمەڵكوژكردنیان .
بەیــانیەكەی بــۆ ئــاو دەگەڕام لە گۆڕســـتانێكی نزیــك، دەبەیەك ئــاوم دۆزیەوە، خـــواردمەوە بەڵام تینـــوێتیمی نەشـــكان، لە نزیــك قەراج كەســـوكارەكەم ئۆتۆمبێـــل و گەڵابەیەكــی زۆریــان جێهــێڵا بــوو، لەنــاو ئۆتۆمبێلەكــان بــۆ ئــاودەگەڕام، مەقتــورەیەكی ئــاوم بینــی بەڵام دیــاربوو هیچــی تیــا نەبــوو، لە ســۆندە دەگەڕام، چــونكە زۆربەی ئۆتۆمبێلەكــان بۆبــانزین لە گەڵ خۆیــان هەڵــی دەگــرن، ســـــۆندەیەكم دۆزیەوە، بە ســــۆندەكەو لە رادێـــــتەری تراكتۆرەكــانەوە چەنــد دەبەیەك ئــاوم پڕكــرد، كەم كەم تەسفەیەم كرد بۆ خـواردنەوە، بـۆ ڕۆژی دووەم بەرەو چیـا كەوتمەرێ.
عەلی لێـرەوەو بەم شـێوەیە چیـرۆكەكەی تەواو دەكـات و دەڵـێ": دوای مـاوەیە لە ســەركەوتن بـۆ ســەرچیا، ئـاوم لێبـڕا، شــوانێكم بینــی، بــانگم لێكــرد كە مــن برینــدارم و تینــومە، داوای ئــاوم لێكــرد، پێــی وتــم نــاتوانم لە دۆڵەكە

بپەڕمەوە چونکە دۆڵەکەی نێوانمان زۆر قوڵ بوو، پێی وتم کەمێك وەرە بۆ لای ڕۆژئاوا لەوێ دەتوانم پەڕینەوەیەك هەیە دەتوانم هاوکاریت بکەم. بەرەوئەوشوێنە کەوتمە رێ، دیاربوو کۆمەڵێك گەنج گوێیان لە بانگە بانگم بوە بۆ شوانەکە، یەکسەر بەرەو لای من هاتن، نان و تەماتەو ئاویان هێنا، داوایان لە هاوڕێکانیان کرد گوێدرێژێك ئامادە بکەن، سەریان خستمە سەر گوێدرێژەکە بۆ بارەگای " ی ب ك"و لەلایەن دەستەیەکی پزیشکی چارەسەریان بۆکردم، داواپان کرد بمگەیەننە نەخۆشخانەی "دیرك" لە سوریا، بەڵام کە پێشمەرگە زانیان من لەوێم ئۆتۆمبێلێکیان ناردو دوای ئەوەش ئۆتۆمبێلێکیان ئامادەکرد بۆم بۆسوریاو لەوێشەوە بۆ هەرێمی کوردستان و لە گەڵ گەیشتنم داخلی نەخۆشخانە بووم .

9

"سەبری خەلەف موراد" تەمەن 1967، کە یەکێکی ترە لە دەربازبوەکانی گوندی کۆجۆ، بەم شێوەیە ئەوەی بینیویەتی باسی دەکات و دەڵێ": لە ڕۆژی 3-8 کاتێك هەواڵی ئەوەمان بیست کە "گر عزێرو گرزرگ" گیراوە، لە گوند دەرچوم بەرەو چیا، نزیکەی بیست ئۆتۆمبێل بووین کە هەمووی خێزان و ژن و منداڵ بوو، براکانم لە پێش منەوە دەرچوون، من بە بۆنەی بانزین کردنەوە دواکەوتم، پەیوەندیم پێیانەوە کرد، دەرکەوت هەر کە سەرەتای قافڵەکەیان گەشتوەتە شەنگال لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی داعش دەستگیرکراون.

بۆیە من رێگاکەم گۆڕی لە سایلۆکەوە بەرەو چیای شنگال، لە نزیك سایلۆکە داعش دامانیانە بەردەست رێژی گولله، بەڵام من نەوەستام و بەرەو تەلعەفەرو

ناوچەی قەنێ ڕۆیشتم، لە ناخۆشـترین ژیانـدا حەوت ڕۆژ لە چیا مامەوە، بەڵام دڵمان لای کەس و کارەکانمـان بـوو لە گوندی کۆجۆ .
تێبینــی": هەمــوو دەربازبوەکــان لە کۆمەڵکــوژی گونــدی کۆجۆ لە وەجـبەی یەکەم و دووەم و سـێهەمن، بەڵام لەو وەجبەکــانی تــر کەس دەنــگ و باســی نــیەو پێــدەچێ هەموویان کوژرابن، چونکە هیچ زانیاری و سـەرەداوێك لە بــارەی چارەنوســیانەوە نــیە، ئەمەش ئەو گریمــانەیە پشڕاســت دەکــاتەوە کە داعشــەکان هەســتیان بەوە کردبێــت لە وەجــبەی یەکەم و دووەم و ســێیەم چەنــد کەسێك رزگاریـان بوویێـت بـۆیە لە وەجبەکـانی تـر پلانـی تریان هەبووەو نەیان هێشتووە کەس دەربازی بێت."
سـەید "ق، ك" کە هێشـتا لەنـاوچەکەیە دەڵـێ": بەدوای گۆرە بە کۆمەڵەکاندا دەگەڕام لە گوندی کۆجۆ، لە بەردەم بیری ئیتوازییەکاندا سـێ حەزوی قـورین هەیە کە گـۆری بە کــۆمەڵی لێــیە، هەروەهــا لە نزیــك مــاڵە نــوێیەکەی "ئەحمەد جاسـۆ" دەسـتی یەکێـك لە کوژراوەکـان لە نـاو خـۆڵەکەوە دەرچوبـو، بـۆیە بە خـۆڵ دام پۆشــیەوە، واش پێدەچێ لە ژێر ئەو تەپـۆڵکە خـۆڵانەدا گـۆری بە کـۆمەڵی گەورە بوونی هەبێت .
بەڵام منداڵێــك کە هــی "حەبیــب کلــش جەزا"یە لە سـەرەتای مـانگی تەشـرینی دووەمـی 2014 گەڕاوەتەوە دەڵێ": 13 ڕۆژ لە قوتابخانەیەکی تەلعەفەرو 14 ڕۆژی تـر لە قوتابخـانەیەکی هەمـان شــار مـاینەوە، کاتێـك لەگەڵ دایکماندا بردمانیان خواردنیان بۆهێناین، من زۆرم برسـیبوو بەڵام سـەرەڕای برسێتیەکەشـیان کەسـم نەبینـی نـان بخوا .

"ق، ك" دەڵێت کاتێك گەڕامەوە بۆگوندی کۆجۆ، بەبیانوی یـاریکردن لە گەڵ منداڵەکـان ئەو نـاوەم پشـکنی بە مەبەسـتی دۆزینەوەی شـوێنی گۆڕەکـان، بە تـایبەت لە شوینی بیرە ئیرتیوازییەکان ونزیك ماڵی ئەحمد جاسۆ .
لە کـاتی دەرچونمـان لە کۆجـۆ لە سـەرەتای تەشـرینی دووەمـی 2014، لە مـاڵێکی کـۆن نزیـك گونـدەکە خۆمـان شـاردەوە، ئـێمە پێـنج کەس بـووین "مـن ودایکـم و خوشـکەکەم و ئافرەتێـك لە گەڵ منـاڵەکەی"، بە رێگـای خێرخوازێك لە موسڵەوە گەیاندمانیانە دهۆك.
مناڵێکی "فەرەج حـاجم جەزا" تەمەن 2003 بەم شـێوەیە چیرۆکی خۆیان دەگێڕێتەوەو دەڵێ": لە قوتابخانەی کۆجۆ لە گەڵ دایکماندا دەرچـووین، لە تەلـعەفەر بـۆ مـاوەی 16 ڕۆژ لە دایکمانیان جیاکردینەوە، قورعانیـان پێدەخوێنـدین و کاتێـك کە هەڵەمـان بکـردایە مامۆسـتا دینـیەکە لێمـانی دەدا، لەو کـاتەی بـراگەورەکەم و خوشـکەکەمیان بەرەو شـوێنێکی نادیاربرد، هەرئەوکـاتە بـاوکم و مامەکانمـان لە قوتابخانەی کۆجۆ لە دەستداو چارەنوسیان نازانین .
ئەم مناڵە دەڵـێ": دوای ئەو مـاوەیەک بردمانیـان بـۆ لای دایکمـان، دوایـش دابەشـمانیان کـرد بە سـەرهەردوو گونـدی "قزیـل قێـوو کەسـر میحـراب"، دوای مـاوەیەك لە ناخۆشـی و ئـازار چەشـتن، هەڵهـاتین، لەنـاو قـوڵایی دۆڵەکاندا خۆمان دەشاردەوە، تا گەیشتینە چیای شنگال لە رێگـای "پیـرا ئـاورا"و دوایـی بە ئۆتۆمبێـل بردمانیـانە لـوتکەی چیـاکەو لەوێشـەوە بە فـڕۆکە بـۆ دهـۆك گواسـترانەوە، لە رێگـاش فـڕۆکەکە لەلایەن داعشـەوە تەقەی لێکرا بەڵام هیچ زیـانێکی بەرنەکەوت و کـاریگەری نەبوو.

هەمــوو ئەو ئافرەتــانەی هــاتوونەتەوە، دەڵــێن کاتێــك لە قوتابخـــانەکە دەرچـــووین، بینیمـــان یەك پیـــاو لەنـــاو قوتابخانەکە نەماوە، تەسـفیەیان کردبـوون، لە گەڵ "س، ق" چاوپێکەوتنم ئەنجامدا لە مەعبەدی لالش، ئەو وتی:" ئـێمە لە نهـۆمی دووەمـی قوتابخـانەکە بـووین پـێش دەرکردنمـان، لە ڕێگـای ڕۆشـناییەکەوە بینـیم شـێخی عەشـــیرەت "ئەحـــمەد جاســـۆ" لە گەڵ داعشـــەکان وەسـتاوە، ڕووخسـاری بێتـاقەتی پێـوە دیـاربوو، دیـاربوو هەســـتی بە خراپـــی دۆخەکە کردبـــوو، کـــاتێکیش بە هاوڕێکـــانم وت": کـــوانێ پیاوەکـــان؟ ئەمە "ئەحـــمەد جاسـۆ"یە تەنیایە ؟ مەگەر لە گەڵ ئەبو شـەهاب ڕێکەوتن نەکـرا هەمـوو خەڵـکەکە بەرەو چیـا بـڕۆن؟ لەم کـاتەدا خێزانەکانیـان ئاگـادار کـردەوە لە نهـۆمی دووەم بێـــنە خـــوارەوە، هەمـــوو ئـــافرەت و مناڵەکانیـــان سـەرخســـتە سـەرئۆتۆمبێلەکان لە کاتژمێری سێی پـاش نیـوەڕۆ، دوای یەك ڕۆژ مـــانەوە هەمـــوو سـەرپۆشـــەکانیان لە ســـەر ئافرەتەکـان کـردەوە، کچەکانیـان بـردو بە ئێمەشـیان وت بچنە سـەرەوە واتە نهۆمی دووەم شیر بدەنە مناڵەکانتان. مناڵە گەورەکانیان لە دایکەکان جیاکردەوە، مامەڵەیان زۆر دڵڕەقـانە بـوو، هەمـان شـەو سـێ کچـی جوانیـان بردونەگەڕانەوە.

لە ڕۆژی دووەمـدا بە ئۆتـۆمبێلی جـۆری پـاس کـاتژمێری 12ی شـــەو بەرەو قوتابخـــانەیەکی نـــاو تەلـــعەفەر گوێزامانیـانەوە، دەرکەوت ژن و مناڵەکـانی گونـدی کۆجـۆ هەموویان لەوێ بـوون لەگەڵ ژمـاریەکی زۆری تـری ژن و منـاڵی ئێـزدی، شـوێنەکە بـۆنێکی ناخۆشـی لێـدەهات، مامەڵەیان زۆردڵڕەقانە بـوو، 15 ڕۆژ لەوێ مـاینەوە، ڕۆژانە

یەك سەمون و کەمێك پەنیریان پێدەداین، بۆ یەك هەفتە یەك سابونیان پێدەداین، ئێمە نزیکەی 500 کەس دەبوین، وتیان دابەشی سەر گوندە شیعیەکانتان دەکەین "هەڵگەڕاوەکان لە ئیسلام" بە ووتەی ئەوان، ئێمە ڕەتمان کردەوەو وتمان کوا پیاوەکانمان؟ چارەنوسیان چی بەسەرهات؟

پێمانیان دەوت دەبێت دەستبەرداری بیروباوەڕەکەتان بن، لێمانیان دەدا، دەیانویست بمانبەنە گوندە شیعیەکان، بردمانیان ودەیانوت بۆخۆتان شت ومەکەکانیان بەکار بێنن، سی ئافرەت لە یەك ماڵدا بووین، لەم گوندە یەك پیاوی تیا نەمابوو، پشکنین بەردەوام بوو بە تایبەت بۆمۆبایل دەگەڕان، بە ڕۆژ مۆبایلەکانمان لە ژێر عەرز دەشاردەوەو بە شەو پەیوەندیان لە کەسوکارمانەوە دەکرد .

ئەو باشی ئەوەش دەکات و دەڵێ": لە یەکێك لە ڕۆژەکاندا هاتن "50" ئافرەتیان برد، دوای چەند ڕۆژێك هاتن ئەوئافرەتانەیان دەبرد کە شویان کردبوو بەڵام چاویان تێبڕیبوون، پێکهەڵپژان لە نێوان داعشەکان و ئافرەتە بەتەمەنەکاندا بوو، چونکە دەیانەویست ڕێگایان پێنەدەن خێزانی کوڕەکانیان ببەن، لە بەرامبەردا داعشەکان ئامێری ئاسنیان بەکارهێنا لە دژیان، دەستی زۆریان بە لێدان شکاندا، تەقەیان بە سەرماندا رووەو ئاسمان کرد، بە بێ ئیرادەی خۆیان ئافرەتەکانیان بەرەو شوێنی نادیار برد.

لە کاتی هەڵهاتنمان سەگەکان بۆمان هاتن و دەوەڕین، وتمان ئێستا داعشەکان دێن و دەستگیرمان دەکەنەوە، دوای دە کاتژمێر لە ڕێکردن گەیشتینە ناوچەی کارگەیەك،

لەوێ خۆمــان حەشــاردا لە دووری کــارگەکەوە، بە ڕۆژ خۆمان دەشاردەوەو بەشەو رێمان دەکرد، تا گەیشتینە ناوچەی "خانێ"، پیاوەکانی ئێزدی لە پێشوازیماندا بوون ، یەك شەو لە "پیری ئاورا" ماینەوە، هەروەها پێنج شەو لەلای "قاسم سمۆ" ماینەوە، ئەویش خەڵکی کۆجۆ بوو لە چیا بوو، دواتر بەفڕۆکە بەرەو دۆهك گواسترایینەوە، ئەوکاتە هەستم بە رزگاربوون کرد .
دوان لە خوشکی مێردەکەم ئەشکەنجەی زۆر دران، لە سەر عەرز درێژیان کردن، دواتر ئۆتۆمبێلیان بە سەر قاچیاندا هێنا، ئەمەش بووە هۆکاری شکاندنی هەردوو قاچیان، لە پێش چاوی هەموان بانزینیان پێداکردن و وتیان ئێستا دەیانسوتێنین، بۆ ئەوەی ئەوانی تری پێبترسێنن وهەوڵی هەڵهاتن نەدەن.

10

ئافرەتێکی تری دەربازبوو لە دەستی دەوڵەتی ئیسلامی داعش "ز، س، ج" تەمەن 26 ساڵ کە شووی نەکردوە، بەم شێوەیە باسی کۆمەڵکوژی کۆجۆ دەکات و دەڵێ":
لە ڕۆژی 16-8 هەمووماتیــان لە قوتابخــانەی کۆجــۆ کۆکردەوە، هەموو پارەو زێڕو مۆبایلەکانیان کۆکردەوەو کردیانە ناو جانتایەکەوە، ئێمە باوەڕمان وابوو وەك مەسیحیەکان مامەڵەمان لە گەڵ دەکەن.
هەروەها دەڵێ": پیاوەکانیان بە ئۆتۆمبێلەکانی خۆیان بردو هیچ شتێك سەبارەت بە چارەنوسیان نازانین، ئێمەیان سەرخستە ناو ئۆتۆمبێل و بردنیان بۆ ناو پەیمانگای شنگال نزیك سۆلاغ، یەك ڕۆژ لەوێ ماینەوە، سەرپۆشەکانیان لە سەری ئافرەتەکان کردەوە، بە ئافرەتەکانیان وت، بچنە نهۆمی دووەم شیر بدەنە

منداڵەکانتـان، مـن بـرازایەکەم گـرتە باوشــەوەو وتـم ئەمە منداڵمە، کاتێك کە ئافرەتە گەنجەکانیان بـرد بـۆ شـوێنێکی تر، بۆ لای عەسـرەکەی منـاڵە گەورەکانیـان لە دایکەکـان جیاکردەوە، هاوارو نـاڵەی دایکەکـان دەگەشــتە ئاســمان، دواتر ئـافرەتە بەتەمەنەکانیـان ناردە شـوێنێکی تـر، ئـێمە ژمارەیەك ئافرەتی کەم لە گەڵ منداڵە بچوکەکان مـاینەوە، شـەوێك هاتن سـێ ئافرەتی جوانیـان بـرد، پرسـیاریان لە من کرد وتیان ئایا تۆ شووت کـردوە؟ کـوا منـاڵەکەت؟ پـێم وتن ئەمە منداڵەکەمە، بۆ ڕۆژی دوای بە ئۆتۆمبێلی جـۆری پاس بردمانیان بۆ قوتابخانەیەکی تەلعەفەر، زۆر قەرەبـاڵخ بوو شـوێنی وەسـتانیش نەبـوو، شـوێنەکە لەناخۆشــی و ئـازار وەســف نـاکرێ، منداڵەکـان داوای ئـاوی سـاردیان دەکـرد، کەس وڵامیـانی نەدەدایەوە، پاسـەوانەکان ئـاوی ســاردیان دەخــواردەوە، مامەڵەیــان زۆر دڵڕەقــانە بــوو، بچـوکترین پاسـەوان خەڵکـی تەلعەفەربـوو، 14 ڕۆژ لەوێ ماینەوە، دواتر بردینیان بۆ گونـدی تورکمـانە شـیعەکان لە "قزيل قيو" بە تەنیشـت "كسر محراب" لە بـاکوری قەزای تەلعەفەر، چونکە تورکمانە شیعەکان بۆ خـوارووی عێـراق کۆچیان کردبوو، دووکەسـی بەتەمەنم بینـی کە پێشــووتر کچەکانیان لێ رفاندبوون، داعشـەکان هـاتن کچەزاکانیـان ببەن ئەوانـیش هێرشـیان کـردە سـەریان، بەچـاوی خـۆم بینیم کە داعشـەکان چۆن بە عەسای ئاسـن لێیانیان دەدا بەتایبەت لە سـەریان و خـوێن لە بەرچۆڕانیـان، یەکێکیـان سوێندی خـوارد کە وەڵاهـی ئەو سەرپۆشـە هەڵـدەگرێ کە بەسـەرمەوە خوێناوی بوەو بە هەموو جیهانی پیشــان دەدەم بۆ ئەوەی ریسوایان بکەم و دەیڵێم ئەمانە چ جـۆرە مــرۆڤێکن لە ســـەر ئەم خـــاکە دەژیـــن. بـــۆچی بەم

وەحشیەتە مامەڵە دەکەن؟ بۆماوەی سێ مانگ لەوێ ماینەوە، لەوێ خەڵکێکی زۆری کۆجۆو شەهوانی لێبوو کە ئەوانیش لە عەشیرەتی مەندەکانین.
ئەم ئافرەتە باسی ئەوەش دەکات و دەڵێ": پرسیاری پیاوەکانمان لە پاسەوانەکە کرد، وتی پرسیار لەوانە بکەن کە دەستگیریان کردن، پێم وتن من تەمەنم گەورەیەو شوم کردوە، کوڕی پورەکەم رفێنراوە، منیش خێزانی ئەوم، زۆربەی ئافرەتەکان تفیان دەکردە دەم و چاویان ومنیش یەکێك بووم لەوان، ئێمە لە حاڵەتێکی زۆر ناڕەحەت بوین و بەردەوام جلی دڕاو پیسمان لە بەردەکرد بۆ ئەوەی نەمانبەن .
هەروەها باسی ئەوەش دەکات و دەڵێ": خواردنەکان کاتیان بەسەرچووبوو، مناڵەکان تووشی وشك بوون و ناوسك چوونی بەردەوام بوون، ئامادە باشیمان کرد بۆ هەڵهاتن و دەشمانزانی ئەمە ئینتحارە، کاتژمێری حەوت و نیوی شەو، حەوت ئافرەت و چواردە مناڵ بۆی دەرچوین بەرەو دیوار بەندی گوندەکە، بە کەتەر تیلی پەرژینەکەم بڕی و لە ژێریەوە بە سکەخشێ چوینە ئەودیوا، لە پێشدا مناڵەکانمان کردە ئەودیودا، دواتر ئافرەتەکان ئینجا پەڕینەوە، دوای ئەوە بەرەو چیای ئەشم کەوتینە ڕێ، ئێمە دەمانزانی کەسوکارەکەمان لە رێگا بەرەو چیا ماندووبوون و برسێتی و تینوێتی و ئازاری زۆریان چەشتبوو، بەڵام ئێمە بڕیارماندابوو "یان مردن یان گەشتن بە شوێنی پارێزراو"، ئێمە بە شەو رێمان دەکرد، بە ڕۆژیش خۆمان حەشاردەدا، بە شەو مناڵەکان نەدەخەوتن لە رێکردندا بووین، بەڵام بە ڕۆژ دەوەستاین وخۆمان حەشار دەدا دەخەوتن خەوێکی قوڵ بە درێژایی

ڕۆژ، بەڵام گەورەتــرین کێشـــە کە ڕوو بەڕووی دەبــوینەوە کێشـەی "ئـاو" بـوو، لە چیـاوە دووکەس لە ڕێگـای "شـێخ شــامۆ شــێخۆ" راســپێردرابوون پەیوەنــدیمان پێــوە بــکەن بەمۆبایــل، ڕێنماییــان دەکــردین، لە نێــوان مــاوەیەک بــۆ ماوەیەکی ڕێکردنمان بەرەو چیا، لە کاتی نزیکبوونەوەمان لە چیا سـەید قاسـم سـمو پێشـوازی لێکـردین کە خـۆی خەڵکی گونـدی کۆجـۆ بـوو، خزمەتێکـی زۆری پێشـکەش کردین ودواتر گەیاندینینە هەرێمی کوردستان.

11

"ف ع ع" تەمەن 1999 لە گوندی "ص" ئەو هێشتا بوکی دوو مـــانگە بـــوو کە ڕوبەڕوی ئەو تـــاوانە درنـــدانەیەی تیرۆرســتانی داعـش بـووەوە. سـەبارەت بە چیرۆکـی پڕ ئــازاری خــۆی دەڵــێ": لە ڕۆژی 3-8-2014 بەشــێك لە خێزانەکەمان بەو ئۆتـۆمبێلەی هەمـانبوو دەرچـوون، مـن و هاوسـەرەکەم و باوکی مـاینەوە چـونکە یەك ئۆتۆمبێلمـان هەبوو، ئێمە پڕوامان وابوو بەس ترسـمان هەیە، ئەگەرنـا داعش ناتوانن لێمان نزیك ببنەوە، بەڵام ئەوەشمان دەوت لێرە کێ داکۆکیمان لێدەکات؟ بۆیە لە کاتژمێری هەشت و نیوی بەیانی لە ماڵ دەرچوین، ئۆتۆمبێلی داعشـەکانمان بینـی بەرەو لای ئـێمە دەهـاتن، دامانیـانە بەردەسـتڕێژی گولله بەبێ هیچ پرسیارو لێپرسینەوەیەك، هاوسـەرەکەم فیشـەکێك بەرسکی کەوت، بـاوکی فیشـەك بەر سـەری کەوت و یەکســەر کەوت، دووکەســمان شــەهید بــوو، دووکەس لە نزیك من بەرکەوتن هاوسـەرەکەم و باوکی و خۆشـم بریندار بووم.

هێــزم لە دەســتدا لەبەردەم خــوێن لــێ ڕۆیشــتنی برینەکەم، وێـنەی هاوســەرەکەم و بـاوکی کە گیانیـان لە

دەستداو خوێنیان لێدەڕۆیشــت، دایکـی هاوسـەرەکەشـم هـاواری دەکـرد، ئیتـر مـن ئاگـام لە خـۆم نەمـا، کە چـاوم کـــردەوە بینـــیم لە نەخۆشـــخانەی بەعـــاجم کـــاتژمێری هەشتی ئێوارە بوو.
باســـی ئەوەش دەکـــات ودەڵـــێ": لە نەخۆشـــخانە مامەڵەکردنیـــان زۆر دڵ رەقـــانە بـــوو، بە تـــایبەت ئەو دکتۆرانەی سـەربە داعش بوون، خواردنەکان پـیس بـوون، برینەکەی منیش زۆر قورس بوو گوللەکە لە پشتەوە لێـی دابـــووم و لە پێشـــەوە دەرچوبـــوو، بـــۆیە حەڤـــدە ڕۆژ لە سـەرجێگا کەوتم، خەسووشـم بە تەنیشــت جێگـاکەمەوە بوو، لێرە زۆر بریندارى ترى لێبوو کە خەڵکى شنگال بوون.
دوای ئەوە وتیـان هەمـوو برینـدارەکان لە سـێدارە دەدەن، کـاتژمێری نـۆو نیـوی بەیانیـان دیـاریکرد واتە ڕۆژی 20-8-2014، هەروەهـــا وتیـــان خەڵکـــی نـــاوچەکەش ئامـــادە دەکەن، لیژنەی سـەرپەرشـتیار تـایبەت بە لە سـێدارەدان بریـاری خۆیـدا، ئامادەکارییـان بـۆ لە سـێدارەدانمان کـرد، ناوەکانمانیان نوسـی، نوسراویان بۆ خەلیفەی موسڵمانان کـــرد بـــۆ ئەوەی رەزامەنـــدی دەربـــڕێ، هەمـــان ڕۆژ ئامادەمانیان کرد بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری لە سـێدارەدان، لە بەرگریان وهاوار هیچمان نەدەبینی.
ئێمە ژمارەمان زۆر بوو، وڵامی خەلیفەش ئەمە بـوو" هەر کەسێك دەستبەرداری ئاین و بیروباوەڕەکەی بێت و ببێـتە مۆسڵمان ئەوا خۆی لەمردن رزگار دەکـات"، ئەمە بـوو کە زانـــایەکی ئـــاینی داعـــش پێـــی راگەیانـــدین، هەروەهـــا ئەوەشـــی وت": هیچتـان لە سـەرنیە تەنهـا شـایەتومان بێـــنن"، دوای ئەوەی ئـــێمە رەدمـــانکردەوەو ئەوانـــیش

ڕۆیشـــــتن، بڕیـــــاری لە ســـــێدارەدانی بەكۆمەڵیـــــان هەڵوەشاندەوە.
ئەم ئــافرەتە باســـی ئەوەش دەكــات ودەڵــێ": دواتــر بردمانیان بـۆ ئۆردگـای تەل بەنـات، دوای ئەوە بـۆ گونـدی كۆجـــۆ، دوومانـــگ لەوێ مـــاینەوە، كۆجـــۆ پڕكرابـــوو لەوخەڵكـانەی لەم هەمـوو شـوێنە ئێـزدی نشـینەكانەوە گرتبویـــانن و هێنابوویـــان، هەمـــوو ڕۆژێـــك ســـێ جـــار ســـەرژمێری پیاوەكانیـــان دەكـــرد لە بەردەم دەرگـــای مـزگەوتەكە، ئەوەی ئامـادە نەبـوایەو نـوێژی نەكـردایە بە هەڵگەڕاوە لە قەڵەمیان دەدا، چارەنووسـی هەڵگەڕاوەش كوشتن بوو .
هەروەهـا باسـی ئەوەش دەكـات ودەڵـێ": ڕۆژانە وانەی ئاینیان بە منداڵەكان دەوتەوە، مـاڵەكەی موختـاری پێشـوو "ئەحمەد جاسۆ"یان كردبـوە شـوێنی نـوێژكردن، ئـێمە لە دۆخێكـی خـراپ بـووین، بە تەمەنەكـان لە هەردوو رەگەز كردبـوە نـاو یەك مـاڵ كە ژمارەیـان "38" كەس بـوو، بە شـێوەیەكی وا دڵڕەقـانە مامەڵەیـان لە گەڵیـان دەكـرد نـاتوانم وێنـای بـكەم (وەسـف نـاكرێ)، پاسـەوانەكانی داعش ڕۆژانە دەڕۆیشـتن بـۆ ئەم مـاڵەو میزیـان دەكـرد بە گیـانی بە تەمەنەكانـدا، لە بەر ئەمە كەس نەیـدەتوانی لێیان نزیك بێـتەوە لە بەر بۆنی ناخۆش، نەشـدەبوو هـیچ كەسـێك رەتیبكـاتەوە میزیـان پێـدا بكـردایە، چـونكە لێیـان دەداو خراپتریـان لێـدەكرد، ئەم شـێوازی ئەشـكەنجەدانە باوەڕناكەم لە مێژوودا رووی دابێت بە هیچ شێوەیەك.
ئەو باســی هۆكـاری هەڵنەهاتنیـان دەكـات و دەڵــێ: نەمانـدەتوانی هەڵبێـین لە كۆجـۆ، لە بەر زۆری خـاڵی پاسـەوانی دەورو بەری گونـدەكە، بـۆ نمـوونە هەشـت

خــاڵی پاســـەوانی و لە هەریەکێکیـــان "7" پاســـەوانی تێدابوو، کە پڕچەك کرابـوون بە چەك و تفـاقی سـەربازی نوێ لە گەڵ دووربینی شەوانە.
ئەو راســـتیەکی تـــریش دەدرکێنـــێ و دەڵـــێ": لە نـــاو گوندەکە شـوێنێکی گۆڕی بەکۆمەڵم بینی، کە بەدەستی داعـش کەس و کـارەکەم کوژرابـوون، بـۆنی مەرگـم لێـی کــرد، هەروەهــا لە نزیــك مــاڵەکەی "ئەحــمەد جاســۆ" گۆڕێکی تری بە کـۆمەڵی گەورەی لێبـوو، بە شـێوەیەکی بـاش نەیانشـاردبووەوە، بەشـێك لە جەسـتەو دەسـت بە دەرەوە بوون، سـەگی برسـی ئەو نـاوەش لاشـەیان لـێ دەرهێنابوو، یەکێك لە پاسەوانەکان خـۆی وتـی": هەمـوو خەڵکی کۆجۆ کە رەدیان کردەوە ببـنە موسـڵمان و واز لە بیرو باوەڕی خۆیان بێنن کوشتمانن."
هەمان ئـافرەت راسـتیەکی تـریش دەدرکێنـێ و دەڵـێ": مەلا بەکر کە بەرپرسـی گوندی کۆجۆ بوو، رەتـی کـردەوە ئــافرەتە ئێزدییەکــان بفرۆشــرێتە داعشـــەکان ســـەرەڕای ئیلحـــاحێکی زۆر لێـــی، چـــونکە ئەو لە گەڵ بازرگـــانێکی گەورەی قەتەری رێـــك کەوتبـــوو، بە جـــوملە هەمـــوو ئافرەتەکـــان بفرۆشـــێ، هەروەهـــا ئەم "مەلا بەکـــرە" پەیوەنـــــدی باشـــــی لە گەڵ حکـــــومەتی قەتەری و بازرگانەکـانی هەبـوو، هەمـوو شـــتەکانیش کە بۆمــان دەهات لە قەتەرەوە بوو، لە سـەری نوسـراوو "مسـتوردە من قطر" یان نوسرابوو" صنع فی قطر ."
ئەوەش دەگێڕێتەوەو دەڵێ": رێگرییان نەدەکرد، تەماشای تەلەفزیـــون بکەیـــن، زۆربەی کاتەکانمـــان تەماشـــای رووداومـان دەکـرد، بەردەوام لە پەیوەندیـدا بـووم لە گەڵ خوشکەکەم کە لە دهۆك بوو، بە رێگای مۆبایـل کە لەنـاو

پرچەکەمــدا شــاردبوومەوە، بەردەوام دەمکــوژانەوەو لە نیوەی شــەو دەرم دەهێنـاو لە گەڵ خوشـکەکەم ودایکـم قسەم دەکرد.
ئەو بەردەوام دەیێــت ودەڵــێ": دەرکەوت مەلا بکــر نەیدەتوانی بە جوملە بمانفرۆشــێ، بـۆیە هەرکـۆمەڵێکی دەنارده شـوێنێك وەك دیاری بۆ چەکدارەکانی داعش، من وهــاورێیەکم نســیبمان کەوتە "رقە" لە ســوریا، پــێش خۆرئـاوابوون گەیشـتینە شـنگال، 15 داعشـمان لە گەڵ بــوو، ئەرکەکەیــان ئەوە بــوو بمــانگەیەننە زینــدانی "ســەبایەکان" لە "رەقە" و لەویــش پەیوەنـدی بـکەن بە چەکدارەکانی داعش، کاتژمێری شەش ونیـو لەژوورێکـی مـاڵەکەدا نـوێژی بە کۆمەڵیـان کـرد، هــیچ رێگایەکمـان بۆنەمایەوە تەنها "ئینتحار"  خۆکوشتن نەبێت.
 باسی ئەم ساتە دەکـات و دەڵـێ": ئەگەر خـوا رزگـاری کردین ئەوە ژیان قـازانج دەکەیـن، خـۆ ئەگەر بشـمانکوژن ئەوە ئـێمە ئێسـتا بەرەومەرگێگـی لە سـەرخۆ دەچـین".
پیڵاوەکانم لە بەردەم دەرگای ژوورەکە دانا، بـۆ ئەوەی کە لە نوێژبوونەوە هەست نەکەن ئـێمە دەرچـوین، سـویچی گلۆپەکەمــان لە گەڵ خۆمــان بــرد، بەهەمــوو هێزمــان و بەخێرایــی ڕامــانکرد، بە نــاو کــۆڵان و شــەقامەکاندا دەڕۆشتین، دوای ماوەیەك هەستمان کرد بە دوامـانەوەو دەســـترێژی گولەیـــان لێکـــردن، بەڵام لە بەر ئەوەی شــەوەکەی تاریــك بــوو هــیچ گولەمــان بەرنەکەوت، ئاراستەکەمان بەرەو چیا گرتەبەر بۆ مـاوەی یەك کـاتژمێر، هیچ ترس ودڵە راوکەمان نەبوو، بە هاوڕێکەشـم دەوت ": مەترسە رابکە"، ئەویش بە هەمان شێوەو هەمان شـتی دەوتەوە. گـوڵە وەك وەك بـاران بە سـەرماندا دەبـاری، لە

دوورەوە رۆشنایی سەرچیاکەمان دەبینی و بەو ئاراستیە دەڕۆشتین، هەستم کرد هێزی بەرگری لە چیاکە وڵامی هێرشێکی داعشەکان دەدەنەوە، لێرە ئێمە کەوتینە نێوان دوو ئاگرەوە، دەست رێژی گوللە لە پێشەوە بۆمان دێ و هەروەها لە دواوەش، بەڵام ئێمە نەوەستاین لەڕۆیشتن . بەم شێوەیە کۆتایی بە چیرۆکەکەی دێنێ و دەڵێ": کاتێك چەکدارەکانی داعش نەیانتوانی بەرەوچیاکە بێن، چەکدارە ئێزدییەکان لە رێگای دووربینی شەوەوە ئێمەیان بینی، چەند کەسێکیان بەرەولای ئێمەهاتن تا ئێمە گەیشتینە لایان، کاتەکە دووکاتژمێری برد بە ڕاکردنی بەردەوام لە ژێر دەستڕێژی گولەدا، چوار ڕۆژ لە چیامایینەوەو دوای ئەوە بە رێیانکردین بۆ دهۆك.

12

نایف جاسۆ، تەمەن 1957 برای سەرۆکی عەشیرەتی مەندەکانی و دانیشتووی گوندی کۆجۆ، بەم شێوەیە باسی رووداوەکەی کۆجۆ دەکات و دەڵێ": خەڵکی کۆجۆ لە ڕۆژی 3-8-2014 بەرەو چیا لە گوندەکەوە دەرچوون، بەشێکیان گەیشتن و بەشەکەی تر دەستگیرکران و بەشێکی تریش گەڕانەوە نەیانتوانی بپەڕنەوە بۆ چیا.

بۆ ڕۆژی دووەم واتە 4-8-2014 ئەمیری داعشەکان "ئەبو حمزە خاتوونی" لە گەڵ "خەلیف ئەل عائد" کە عەرەبی گوندی "بەسکی " لە عەشیرەتی "ئەل مەیتوتە" بوو هاتن بۆ گوندەکە، داوایان لە دانیشتوانی گوندەکە کرد چەکەکان تەسلیم بکەن، چەکێکی زۆر لە ناو میوانخانەی گوندەکە کۆکرایەوەو هەمویان بردو پێیان وتین": هیچ ترستان لە یەرنیەو سێ ڕۆژ مۆڵەتیان بۆ داناین یان ئیسلامبوون یان کوشتن ."

ڕۆژێـك دوای ئەوە پەیوەنـدیم کـرد بە ئەحـمەد جاسـۆی بـرامەوەو پێیـوتم": ئەبـو حەمـزە خـاتوونی لە گەڵمـان دانیشت، منیش لە ڕێگای تەلەفۆنەکەوە سـڵاوم لێکـردو وتـم ئـێمە عەشـیرەتێکی ئاشـتیخوازاین و پەیوەنـدیمان بەهێزە لەگەڵ عەشایەری عەربـی، بەم شـێوەیە وڵامـی دامەوەو وتـی": ئەحـمەد بۆکـاری چـاکە هەمـوو شـتێك دەکات."

ئەحمەد جاسـۆ دەسـتی بە جـوڵە کـرد لە گەڵ سـەرۆك عەشـیرەتە عەرەبەکـان، شـاندێکی پێکهێنـان لە "12" کەس کە هەریەك لە " محمـود خـاتوونی، مەحـمەد حەمـادی شـمری، مالـك نـوری جـاراللە، زەیـد خەلەف جاسـم، حـاچم مونیـف ئەل حەروش، سـالم مـلا عەلـو، رەئیس فەخز ئەل دۆشـان ئەل شـەمری، سـەرحان ئەل تەحان" و کۆمەڵێکی تر.

شـاندەکە بەرێکەوتـن بـۆ موسـڵ و پەیوەنـدییان بە بـرای والـی موسـڵەوە کـرد، بەڵام دەرفەتـی دیـداریی نەدان و داواکەیانی رەتکردەوە بە هۆکـارو پاسـاوی سـەرقاڵبوونی بە جەنـــگەوە، دوای دوو ڕۆژ پەیوەنـــدییان کـــردەوەو وتی"یســـیر خیـــر"، "10" ڕۆژ مۆڵەتیـــان دەدەینـــێ بـــۆ راگەیانـــدنی رای خۆیـــان، مـــۆڵەتەکە ڕۆژی 13-8-2014 کۆتایی هات و سەرۆك عەشیرەتە عەرەبەکان ئاگاداریـان کردین و وتیان": ئەمە دەقی قسەکانی والـیە، ئێمە لەم قسانە مورتاح نین"، لەم ماوەیەدا داعشـەکان دەهاتن بـۆ میوانخـانە، مـن و بـراکەم ئەحـمەد جاسـۆ لە پەیوەندیـدا بـــووین لە گەڵ ســـەرۆك عەشـــیرەتە عەرەبەکـــان و خێرخـــوازان، بە مەبەســتی دۆزیـنەوەی دەرەچەیەك بـۆ کێشـەکە .

هەنـدێ خەڵـك پەیوەنـدییان پێمـانەوە کـردو وتیـان": لە خەڵکی کۆجۆ بوراون نایانکوژن، هەروەهـا پەیوەنـدییان بە "ئەحـمەد جاسـۆ" ی بـرامەوە کـردو پێیـان وت: هەواڵێـك هەیە بەڵام زۆر لێـــی دڵنیـــا نـــین"، هەر لەم کـــاتەدا پەیوەندیم بە یەکێك لە شێخە عەرەبەکانەوە کرد کە لەناو شـــاندەکە بـــوو، وتـــی": ئەم داعشـــانە نە متمانەیـــان پێـــدەکرێ ونەڕێـــزی ســـەرۆك عەشـــیرەتەکان و خـــاوەن تواناکان دەگرن."

نایف جاسۆ وردتر باسی دەکات و دەڵـێ": خەڵکەکەیان ئاگادارکردەوە دەربچن بۆ سـەرئیش و کارەکانیـان، لە بەر ئەوەی والـی مـۆڵەتی 10 ڕۆژی دانـاوە، هەروەهـا ڕێگـای نێـــوان قەزای بەعـــاج و کۆجۆیـــان کـــردەوە، منـــیش ئۆتـــۆمبێلێکی جـــۆری "کیـــا"م بـــارکرد لە خـــۆراك بەرەو گوندەکە، ڕۆژی 13-8-2014، ئەوان داعشـەکان لە مـاڵی "ئەحـــمەد جاســـۆ" خـــاڵێکی پاســـەوانیان هەبـــوو، مامەڵەشیان خراپ نەبوو لەگەڵ خەڵکی گوندەکە.

ڕۆژی پێنج شمە پەیوەندیم کرد بە ئەحمەد جاسۆی بـرام و پـێم وت ئایـا دوای تەواو بـوونی مـۆڵەتەکە هـاتوون؟ لە وڵامدا وتی "نا ..

ترسـەکەم زیـادی کـردو تەئکیـدم لێـی کـردەوەو وتـم": بەیـــانی هەینـــیە، دوای نـــوێژ چارەنوســـتان یەکلایـــی دەبێتەوە؟ بەڵام دڵم ئارام نەدەبوەوەو دڵنیا نەبووم دەموت "خودایە لە ڕۆژی هەینی بمانپارێزە"، هەوڵمدا پەیوەنـدی بە هەنـــدێ کەســـایەتیەوە بـــکەم، بەڵام "ئەحـــمەدی برام"بەبێ پێشینە دەیانوت دڵنیـابە هـیچ شـتێك روونـادا، منیش پێموتن مادام ئەوان وەفایان بـۆ بەڵێـنەکەی خۆیـان نەبوو، خێـر لەم مەسـەلەیەدا نـیە. هەروەهـا ئەحـمەدی

برام جەختی کردەوەو وتی": من بەم شێوەیە قبوڵ ناکەم یان دەرمان بکەن بۆ چیا یان مردن، چونکە لە حاڵەتی مانەوەمان بەم شێوەیە خەڵك پرو پاگەندە بڵاودەکەنەوەو دەڵێن بوینەتە موسڵمان، ئەمەیە من قبوڵی ناکەم لە خۆم و لە ناوبانگم، شەهید دەبم لەپێناو ئاینەکەم لە جیاتی ئەوەی پروپاگەندە بکرێ لێرەو لەوێ.
نایف دەڵێ: ڕۆژی هەینی 15-8 کاتژمێری نۆو نیوی بەیانی پرسیارم لە ئەحمەدی برام کرد، پێی وتم هیچی نوێ نیە، دۆخەکە وەك خۆیەتی. پێم وت: ئەمڕۆ من رەش بینم. وڵامی دامەوەو وتی": مەترسە انشاالله هیچ نیە.
هەروەها دەڵێ": دوای یەك کاتژمێر پەیوەندیم بە کوڕەکەمەوە کرد؟ پێم وت چی دەکەن؟ ئەو پێیوتم ": خەریکم گاز دەکەمە ناو مولیدەی کارەبایی گوندەکە، ئێمە لە گفتوگۆدا بووین، پێیوتم باوکە ئەوە هێزێکی زۆری داعش هاتنە ناوگوندەکەوە، ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان زۆرن، ترس دایگرتم و پێشووتر هەستم بەمە کردبوو، دووبارە پەیوەندیم بە ئەحمەدی برامەوە کردەوە، پێیوتم ناتوانم قسەت لەگەڵ بکەم چونکە ئەوان لە میوانخانەکەم دانیشتوون و شەڕ لە دەم و چاویان دەبارێ، خوا خۆی بمانپارێزێ، دوای ئەوە موفیدی کوڕم وتی": هەموو خەڵکەکەیان ئاگادارکردوەتەوە لە قوتابخانەکە کۆببنەوە ."
نایف دەڵێ": لە قوتابخانەکە بە خەڵکەکەیان وتبوو کێ دەیەوێ لە سەرماڵ وکاری خۆی بمێنێ با بمێنێ کێش دەیەوێ بیگەیەنینە چیا دەیگەیەنین"، ئەحمەدی براشم بە خەڵکەکە دەڵێ": گوێتان لێبووئەی خەڵکی گوند، ئێوە ئازادن کێتان لێرە دەمێنێتەوەوکێ نامێنێتەوە، من خۆم

ئەڕۆم بۆچیا"، هەموو بە یەك دەنگ پێیان وتبوو "لە گەڵت دێین بۆ چیا."
نـایف دەڵـێ": چـوار گـۆڕی بەکـۆمەڵ هەیە، دوانیـان لە ڕۆژئاوایەو پـێکەوەیە، لە بـاکووری گونـدەکەش دووانـی تـر هەیە، لەم شـــوێنە حەوزی گەورەی قـــوڕین هەبـــوو کردویانەتە گۆڕستان بـۆ خەڵـکەکە"، هەروەهـا دەشـڵێ: کۆمەڵێـك لە نـاو حەوزەکە بـوون و کـۆمەڵێکی تـریش لە دەورو بەری، هەمویانیـــان بە شـــۆفەڵ کـــردوەتە نـــاو حەوزەکەو دایـــان پۆشـــیون، هەروەهـــا لە نزیـــك مـــاڵی ئەحمەد جاسۆی برام گۆڕێکی تری بەکۆمەڵ هەیە.
نایف روونتـری دەکـاتەوەو دەڵـێ": بـڕوام وایە هەمـوو ئەو پیاوانەی ناو قوتابخانەکەیان کۆمەڵکوژکردوە، ئەمەشم لە رێگـای زانیـاری بـاوەڕپێکراو بـۆ پشـــت ڕاســت بـوەتەوە، ئەوانــــی تـــریش لە لای ڕۆژهەڵات و لە ئەل ســـور، بە شێوەیەکی خێراو بە دەست رێژی گـولله کوشـتویانن، لە شوێنی کوشـتارگەگەش لە کاتی گولله بارانکردنیانداو بە خێرایـی تەنـانەت تیایانـدا بـوە بە بریـنـداری بە شـۆفەڵ خۆڵیان کردوە بە سەریانداو دایان پۆشیون .
بە پێــی ژێــدەرو ســەرچاوەکان، "360" کەس لە گونــدی کۆجـۆ کۆمەڵکـوژکراون و لە نێـو گـۆڕە بە کۆمەڵەکانـدان، "ئەحمەد جاسۆ" دواین کەس بوە لەنـاو قوتابخـانەکەو بە تەنیشـــــت قوتابخـــــانەکەوە کوشـــــتویانەو لە کـــــۆی کۆمەڵکـــــوژییەکەش "17" کەس رزگاریـــــان بـــــوە، کە بەشێکیان لەنێو ئەم چیرۆکە دێکۆمێنتیانەدا چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کراوەو باسی بەسەرهاتەکەیان کردوە.

13

یەکێکی تر لە دەربازبوەکان لە کۆمەڵکوژی گوندی کۆجـۆ، نەواف مـوراد بەسـی لە دایکبـووی سـاڵی1990 ، بەم شێوەیە باسی رزگاربوونی خۆی دەکات و دەڵێ": ئێمە لە وەجبەی سێیەم بووین، ژمارەمان 13 کەس بوو، بە مۆبایل وێنەمانیان گرت پێش کوشتنمان، پاشان دەستیان کرد بەگوللەبارانکردنمان، من و هاوڕێکەم بریندار بووین، بە تەنیشتیشمەوە "خەلەف خودێدە" بوو، یەکێکی تریش کە بریندار بوو بە ناوی "سەلام سەیدۆعوبێد"، لە خوا دەپاڕایەوە رزگاری بکات لەم ئازارەو بمرێ چونکە حاڵەتەکەی زۆر خەتەر بوو، ئێمە بەرەو گوندەکە هەڵهاتین و ڕامان کرد، بەڵام دوان لە داعشەکان لە یەکێک لە ماڵەکانەوە تەقەیان لێمان کرد، باش بوو بەرنەکەوتین. لەوێشەوە بەرەو "ئال خەربە" ڕۆیشتین و پاشان بەرەو دۆڵێك نزیك لە گوندەکە، کەخەڵك پاشماوەی شتە بەکارهاتوەکانیان تێفڕێدەدا، لە نێوان شتە فڕێدراوەکاندا خۆمان شاردەوە، لەم کاتەدا هاوڕێکەم بەرەو شوێنێکی تر هەڵهات و پەیوەندی نێوانمان پچڕا.

نەواف دەڵێ": لەم شوێنە بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ مامەوە، ڕۆژی دووەم دنیا زۆر گەرم بوو، زۆر تینووم بوو، بە سێ فیشەکیش بەرکەوتبووم، بە شەو ڕۆیشتم بۆ یەکێك لە ماڵە نزیکەکان، ئاوم خواردو لە گەڵ کەمێك نانە ڕەق، ڕۆیشتمە سەربانی ماڵەکە، ناو گوندەکە زۆر هێمن بوو، تەنها دەنکی خوێندنی قورئان لە تەلەفزیونی یەکێك لە ماڵەکانەوە دەهات، لێرەوە زانیم داعشەکان لەناو گوندەکەن، دەبەیەك ئاوم هەڵگرت و گەڕامەوە بۆ ناو پاشماوەی شت ومەکە فڕێدراوەکان.

نەواف دەڵـێ، دواتـر زانـیم بە مـانەوەم لێـرە بـاش نـیەو بەهـۆی بـرینەکەمەوە خـوێنم لە بەر دەڕوا و دەمـرم یـان لەلایەن داعشـــەکانەوە دەســـتگیر دەکـــرێم، لە ڕۆژی حەوتەم کـــاتژمێری هەشـــتی ئێـــوارە بەرەو باشـــوور بەرێکەوتــم، گەیشـــتمە رەزو باخێـــك لە گونـــدی "س"، کـــاتژمێری دەی شـــەو بـــوو، لە ماڵێـــك کردمیـــانە ســەربانەکەیان و بـۆ بەیـانیەکەی هەنـدێ چارەســەریان بۆکردم لەلایەن خاوەن ماڵەکەوە، پاش چـوار ڕۆژ مـانەوە، ئێزدییەکی تری گوندی "ئەل نەسیریە" هات، بە تەمەن و نەخۆش بوو، داوای لە من کرد پێکەوە دەربچـین، پـێم وت تۆ ناتوانی رێکبکەی ودنیا زۆرگەرمە.

نەواف دەڵـــێ": لە گونـــدەکە دەرچـــووم بەرەو ســـوریا، گەیشـــتمە گونـدی "ك، ع" رەزی زەیتـونی زۆری لێبـوو، بەرەو ئەو پردە ڕۆیشتم لە رێگامدا کە درێژ دەبـوەوە بەرەو ئاراســتەی چیـای شـنگال، لە نێـوان شـنگال و بەعـاج لە شــەقامەکە پەڕیـمەوە، بینـیم پـردەکە رووخـاوەو نـاتوانم بپەڕمەوە بۆ ئەوبەر، پاسـەوانەکانی داعشیش لە دوورەوە تیشـکی لایتەکەیان تێگرتم، سـێ ماڵ لەم نـزیکە هەبـوو، لەرەزو باخەکانیان خۆم شاردەوە، گژو گیام بەســەرخۆمدا دا، بەیـانیەکەی گـوێم لە دەنگـی خـاوەنی رەزەکە بـوو، بانگی دەکر: ئایا هـیچ کەسـێك لێـرەیە؟ وڵامـم نەدایەوە، دیاربوو گژو گیاکە بە تەواوی داینەپۆشیبووم بۆیە بینیمی، قسـەکەی دووبارە کردەوە، زانیم هەسـتی بە بونم کردوە، بۆیە خۆم پاککردەوەو دەرچووم و پێموت": مـنم دەخیلیـت بـم، چیرۆکـی گونـدی کۆجـۆم بـۆ گێـڕایەوە، بـاش بـوو هاوکـاری کـردم و بیســت شــەو لەلای ئەو مـامەوەو زۆر سـوپاسم کردو دوای گەڕامەوە بۆگوندی "س."

نەواف دەڵـێ لە ڕێگـادا بەرەو گونـدەکە، بـاران دەبـاری، عەرزەکە قوڕ بوو، نەمـدەتوانی ڕێـبکەم، بـۆیە لە شـوێنێك خـۆم حەشـاردا، دوای ئەوە بەشـەوو بە سـێ کـاتژمێر ڕێکــردن گەیشـــتمە گونـــدەکە، لەم گونـــدە زۆرێـــك لە خەڵـکەکە هاوکـاری دەربازبوەکانیـان لە کۆمەڵکـوژییەکە دەکرد، بەڵام لە ترسـی پیاوەکـانی داعـش و لێپرسـینەوە لە گەڵیان، بە شێوەیەکی نهێنی ئەمەیان دەکرد. مـن بـۆ مـاوەی سـێ مانـگ لێـرە مـامەوە، پەیوەنـدیمان کـرد بە سەرۆکی عەشیرەتەکەمان "حوسـێن بـرجس"، ئەویـش پەیوەنـدی بە چەنـد کەسـێکەوە کردبـوو، بە مەبلەغــی "3000" هەزار دۆلارو بە ناســـنامەی ســـاختەوە بەڵام بە وێـــنەی خـــۆمەوە، بە نـــاوی "نەواف عـــومەر مەحـــمەد" دانیشتوی قەزای "بەعـاج"، دەربـازم بـکەن، کەسـێکم لە گەڵ بوو بۆ شنگال، لە ناو شـار ڕاوێژیـان لەنێـوان یەکتـردا کـرد، لە پرســـگەی "شـــنگال تەلـعەفەر" لە ناســـنامەیان دەپرســـــیەوە، مـــن لە گەڵ یەکێکیـــان ســـەرکەوتم بە ئۆتــۆمبێلی گەورە "لــۆری"، دووپاســـەوان لە پرســـگەکە بــوون، نەوەســـتان و پەڕیــنەوە بەرەو موســڵ، داواکەیـانم بۆنـان خـواردن رەتکـردەوەو پـێم وتـن": بەس بـا بگەیـنە موسڵ و بپەڕیـنەوە بـۆ کەرکـوك، پێـی وتـم ترسـت لەنـاو شــارنیەو ناســنامەت هەیەو وێــنەی خـۆتی پێـوەیە، وەك هەموو عەرەبێك دزداشـەت لە بەرکردوە. ڕۆیشـتینە بازاڕی موسـڵ و هەنـدێ کەل و پەلیـان بـۆکڕیم و پاشــان چـومە لای ســـەرتاش، سـەرتاشـــەکە وای هەســـت کـــرد مـــن داعشـم، چونکە بۆ ماوەی سێ مانگە نەمتوانیـوە تەراش بکەم، بۆیە پێی وتم : زیاتر سوکی بکەمەوە؟

نەواف دەڵـێ": لە دوای ئۆتـۆمبێلەکەی ئەو کەسـەی لە گەڵم بوو سەرکەوتم لە موسڵەوە بۆ کەرکوك، لە یەکەم پرسگە دوای پشکنینی ناسنامەکە لە بازگەکە دەرچوین، تــرس داگیــری کردبــووم، دوای ئەوە بە مــاوەیەك پرســگەیەکی تــر، داوام لە شــۆفێرەکە کــرد دوان لە پاســەوانەکانیان هەڵبگــرێ و بیانگەیەنێــتە پرســگەی تەنیشــت کەرکــوك، دوو داعشــیان لە گەڵــم ســوارکرد، دەستیان بە پرسیارکردن کرد لێم": تۆ خەڵکی کوێی؟ بـۆ کــوێ دەڕۆی؟ ئایــا پەیوەنــدیت کــردوە بە دەوڵەتــی ئیسلامیەوە؟ هەوڵمدا لە گەڵیان نەکەومە گفتوگۆ، بەڵام رێگـاکە دوورو درێـژ بـوو، ئەوانـیش بە پرسـیار ئیحراجیـان دەکردم.

لە گۆڕەپــانێکی گەورە نزیــك کەرکــوك لە ئۆتــۆمبێلەکە دابەزیــم و سوپاســی ئەوانەم کــرد لە گەڵــم بــوون، سەرکەوتمە سەر ئۆتۆمبێلێك بەرەو ناو کەرکوك، لەوێـش براکەم ئۆتۆمبێلێکی بە "400" چوارسەد هەزار دینارگرتبوو چاوەڕێمی دەکرد، بەو شـێوەیە دەربـازبووم و ئێسـتاش وا لە ناو هەیکەلێکی تەواونەکراوی "خانکێ" دەژین.

14

"خالـد مـوراد بەسـی" تەمەن 1983 کە یەکێکـی تـرە لە دەربازبوەکـانی کۆمەڵکــوژی کۆجــۆ دەڵــێ": کاتێــك لە قوتابخانەکە کۆبوینەوە، والـی موسـڵ و ئەمیـری بەشـی قەیـرەوان "ئەبـو حەمـزە خـاتوونی" لەوێ بـوون، لە گەڵ هەروەجبەیەکدا، "ئەبو حمـزە خـاتوونی" بە ئۆتـۆمبێلێکی جێــب رەنگــی ســپی لەگەڵیــان دەردەچــوو بــۆ ئەوەی سەرپەرشتی کۆمەڵکوژییەکە بکات .

لە وەجـبەی دووەم "شــەهاب ئەحــمەد" کــوڕە گەورەی سـەرۆك عەشـیرەت "ئەحـمەد جاسـۆ"مان لە گەڵ بـوو، ئەمریان کرد ریـزبین بە مەبەسـتی گوللەبارانمـان، لێـرەدا "شــەهاب" بە ئەمیرەکەیــانی وت": ئـێمە رێکەوتــن لە نێوانمانـدا هەبـوو بمـانگەیەننە چیـا بـۆچی بەم خیـانەتە هەڵسای؟ "خاتوونی" چەکـی بیکەسـی پێبـوو، بە پـێش چاومـانەوە دە فیشــەکی پێوەنـا، دوایـی داعشــەکانیش ئێمەیان بەردەسڕێژی گوللەدا.
خالـد دەڵـێ": ئـێمە لە ڕۆژهەڵاتـی گونـدەکە بـووین، بە دووفیشـەك بەرکەوتبووم، دوای یەك چارەك کـاتژمێر چـوار کەس لە کۆمەڵکـوژییەکە ڕامـانکرد، مـن ئەمـانەم لە گەڵ بوون "نەزیـر ئیبـراهیم ئیسـماعیل، عەزیـز بەشـار حولـۆ، جمـال خـدر کەتـر"، ئـێمە برینـداربووین و بەرەو گونـدێکی عەرەب ڕۆیشـــــتین، دوای 300 مەتـــــر لە ڕۆیشـــــتن ئۆتۆمبێلێکی داعشمان بینی بەرەو لای ئێمە دەهـات، بە هاوڕێکانم وت": رابکەن و خۆتان حەشاربدەن لە دۆڵەکەدا بەڵام نەیانتوانی لە بەر ئەوەی بریندار بوون، من هەڵهاتم و دوای مــاوەیەك خــۆم حەشــاردا، کاتێــك داعشــەکان گەشتنە لایان هەموویانیان کوشـت، بەڵام منیـان نەبینـی، شـەوەکەی بەرەو حاتەمیە دەرچووم، لە رەزو باخێك لامدا بــۆ ئەوەی ئاوپەیــدا بــکەم، لەوێشــەوە بەرەو گونــدی "سۆلاغ" و پاشـان بەرەو چیا، دوای شـەش ڕۆژو شـەو، بە شـەو رێم دەکردو بە ڕۆژ خۆم دەشاردەوە .

15

دەرباز بویەکی تری گونـدی کۆجـۆ" ا، م، ج" تەمەن 1992 بەم شێوەیە باسـی بە سـەرهاتی خۆی دەکات و دەڵێ": کاتێك لە ماڵێك بووین لە "رەقە"، داوام لە خـاوەن مـاڵەکە

کــرد خەتــی فەیســبوکم بــۆ بکــاتەوە، چــونکە بــراکەم بریندارەو دۆخەکەی زۆر ترسناکە، بۆ ئەوە دڵنیـابمەوە لە تەندروســـتی، چـــونکە کاتێـــك لە گونـــدەکە دەرچـــوین پەیوەنـــدیم بە بـــراکەمەوە کـــردو بە رێگـــای کـــامیرای فەیســبوك لە درزێکــی ژوورەکەوە بەشــێك لە نــاوچەکەم گەڕەك و ناونیشانی ماڵەکەم بۆ وێنەگرت، بیرۆکەیەکم لە بەردەســت بــوو لە ســەر ئەو مــاڵەی تیــای بــووم و ئەو شوێنەی ماڵەکەی لێبوو .
ئەو دەڵێ": پـێم وت پێویســتە "بەبـراکەی" هەرچیتـان لە دەســـت دێـــت بـــیکەن بـــۆ رزگـــارکردنم، بـــۆ ڕۆژی دووەم ســەرکەوتمە ســەرســەربانی مــاڵەکە کە دوو نهــۆم بــوو، جـــارێکی تـــر پەیوەنـــدیم بە بـــراکەمەوە کـــرد، وێـــنەی فەرمانگەی کارەبام گرت کە نزیك بوو لێمـانەوە، هەروەهـا وێــنەی گەڕەکەکەو ئەومــاڵەی لێــی دەژیــاین و تەنــانەت مــاوەی دووری نێــوان مــاڵەکەو فەرمــانگەی کارەبــاکەم دیاریکرد .
ئەم ئـــافرەتە ئێـــزدییە دەڵـــێ": لە رێگـــای بـــراکەمەوە پەیوەنـدیمان کـرد بە "ئەبـو شــەجاع ئەل دەنـانی، نـایف جاسـۆ، حوسێن برجس، شێخ تەحســین، فەرەج خەیـری بەگ"، دوای چەند ڕۆژێـك کەسـێك پەیوەنـدی پێـوەکردم، وتی": من لەلایەن ئەو کەسانەوەم"، منیش هەڵهـاتم لە مــاڵەکەو لە گەڵ خــۆی بردمــی بــۆ مــاڵەوە، دواتــر بەرەو ســـنووری تورکیـــا دەرچـــوین، بـــۆ ڕۆژی دووەم لە ســـنوور پەڕیمانەوەو برایەکەی "ئەبو شـەجاع" لە پێشـوازیماندابوو، دواتر گەیشتینەوە خێزانەکەی خۆمان .

ئـێمە حەوت ئـافرەت بـووین، چوارمـان خەڵکـی "کۆجـۆ"و یەکێك خەڵکی گوندی "عەین فەتحی" و یەکێکـی تـریش "تەل قەسـەب" و ئەوەی تریش "گرعوزێر ."
تێبینی: لەناو دەفتەری تۆماری زینداکەدا، ناوی سیانی و نـاوی دایـك و نـاوی عەشـیرەت و نـاوی ئەو کەسـەی کرێـویەتی و ناونیشـان و ژمـارەی تەلەفـۆن، هەمـوو نوسراوە. هەروەها لەم تۆمارەدا "200" کچی فرۆشـراوی ئێـزدی هـاتوە لە "رەقە"ن و "50" کەس لەوان خەڵکـی گوندی کۆجۆن.

16

دەربازبوویەکی تر، بە نـاوی "ح، م، ج" دەڵـێ": ئەم جـارە کەسـێك هـات، وتـی یەکـێکم بـۆ خزمەتکردنـی هاوسـەرەکەم، بە رەزامەندی خوشکەکەم کە لەگەڵم بوو لەگەڵی ڕۆیشتم بۆ ئیدارە، لە یەکەم کـاتژمێردا قۆنـداغە تفەنگێکی لە سـەرمدا، لە بەر ئەوەی قبـوڵم نەبـوو بـبمە ژنـی بەڵام وەك خزمەتکـاری ژنەکەی قبـوڵم بـوو، لە بەر ئەوەی ئەو بەرپرسـە قبـوڵی نەبـوو گەڕامەوە بـۆلای خوشکەکەم، ئەویش پێی وتن": ئەم مامەڵەیە چیە؟ ئێوە لەکـام نمـوونەی مـرۆڤن؟ بەرپرسـی زینـدانەکە وڵامـی دایەوەو وتـی": ئایـا تـۆ پـارێزەری؟ خوشـکەکەم وڵامـی دایەوەو پێـی وت: مـن پـارێزەر نـیم، بەڵام دڵڕەقـی ئێـوەو مامەڵەتان لە گەڵمان و لە ئێزدییەکانی تر، کوشتنی باوك و براکانمان وامان لێدەکات داکۆکی لە خۆمان بکەین.
سـەبارەت بە ئێش و ئازارەکانیان، قسـەکانی بەم شێوەیە تەواو کردو وتی": لە یەکێك لە ڕۆژەکاندا، بە دوو ئـافرەتی هاوڕێمـان وت، لە بەردەم رۆشـنایی زینـدانەکە بمێنـنەوە "ماڵەکە گەورە بوو کرابـوە زینـدانی کچەکـان"، وتیشـمان

مــن و هــاوڕێکەم دەچیــنە ئەم مــاڵەی تەنیشــتمان، کە چــوینە مــاڵەکە بینیمــان تەنهــا ئــافرەتن، پیاوەکانیــان لە جەنگ بوون لەگەڵ داعش، پێمان وتن هــاتین هاوکاریتــان بکەیــن لە پــاککردنەوەی مــاڵەکە، دوای پێــنج دەقــیقە لە مــاڵەکە دەرچــوین و ســواری تاکســی بــوین و بە پێــنج دەقیقە لە شارەکە دەرچوین و دوای بوین بە دوو ئۆتۆمبێل وگەیشتینە ماڵی "عەلی" لە سنووری تورکیا.

17

ئافرەتێکی تر کە نەیویستوە بە پیتیش ناوی بهێنـرێ، بەم شێوەیە بەشـێك لە چیرۆکـی کۆمەڵکـوژی کونـدی کۆجـۆ تەواو دەکـات و دەڵـێ": لە نزیـك شــنگال هەنـدێك منـاڵ گەیشتنە لامان، وتیان هەمـوو پیاوەکانیـان کوشــت، ئیتـر ئێمەیــان گــرت و بەرەو تەلـعەفەر بردمانیــان، لەوێشــەوە "57" ئافرەت بووین بەرەو سوریا ڕەوانەیان کردین، بە زۆرو تونــــدوتیژی زەواجیــــان لە گەڵ ئافرەتەکــــان دەکــــرد، لە کــاتژمێری "9 ی بەیــانیەوە تــا خۆرئــاوابوون" مــامەڵەو سەوداکردن بە ئافرەتەکانەوە بەردەوام بـوو، داعشـەکان دەهـاتن و بەناومانـا جەولەیـان دەکـردو دەسـوڕانەوە، بە هەوەسـی خۆیان هەڵبژاردنیان دەکرد، دەیـانوت ئەمەیـان جوانە بەڵام ئەوەیان جوانتر، کڕین و فرۆشتنی ئاشکرایان بەزۆری بەوانەوە دەکرد کە زۆر جـوان بـوون، هەرکەسـێك ڕێژەیەك پارەی زیاتری بدایە ئیتر ئافرەتەکە بـۆ ئەو دەبـوو، زۆربەی ئافرەتەکــان تووشــی هیســتریا بــوون، جــل و بەرگەکانی خۆیان دەدڕی و هەوڵی خۆکوشتنیان دەدا.
زۆربەی داعشـەکان بۆ چەند ڕۆژێك کچەکانیان دەبردە لای خۆیــــان بە نــــاوی "زەواج" و دوای مــــاوەیەکی کەم

دەیانفڕۆیشتە کەسێکی تر، یان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ئافرەتەکان دەبردرانە لای چەند کەسێك.
قسەکانی بەم شێوەیە تەواو کردو وتی": پێشتر چەند جارێك رامکرد، ئەمجارەیان رامکرد، بەڵام نزیك بووم لە پاسەوانە داعشەکەو تەقەی لێم کرد، من نەوەستام و بەردەوامبووم لە ڕاکردن، داعشەکان بەدوامەوە بوون، کەوتم بە سەر(سیاج ) پەرژینێکداو دەم و چاوم بوو بە خوێن، پێنج کاتژمێر رێمکرد تا گەیشتمە سنووری سوریا، بەڵام لەوێ دەستگیریان کردمەوە، گەڕاندمیانەوە بۆ زیندان، کەوتمەوە بەردەم لێدان و ئەشکەنجەدانیان، پێیان وتم دەتخەینە زیندانی تاکەکەسی بۆماوەی یەك مانگ، پێموتن وەڵا دەبمە هۆکاری بەڵا بۆتان.
بەرپرسەکەیان وتی": یەکێك لە جەماعەتەکەمان، بریندار بوە بە قەسفی فڕۆکەکان، بڕۆ بۆ ئیدارە بۆکارکردن لە لە چێشتخانەکەیان، وتم باشە دەڕۆم، ژنی ماڵەکە "نەشمیە" بوو، مامەڵەکردنی لە گەڵم خراپ نەبوو، لە خوا بەزیاد بێت من و خوشکەکەم لە دەستی پیش و رەشیان رزگارمان بوو، بەبێ ئەوەی بچینە لایان یان ببینە ژنی کەسیان، هیچ کاتێك نوێژی ئەوانیشمان نەکرد.

18

هەروەها کەسێك بەناوی "أ، م، خ"، دانیشتووی گوندی "ب"، کە هاوڕێکەم بە ناوی "ا، ع، ج" بانگی دەکرد، سەبارەت بە کۆمەڵکوژی کۆجۆ دەڵێ": هەوڵمدا چارەنووسی پیاوەکانی کۆجۆ بزانم دوای کۆمەڵکوژییەکە بە ڕۆژێك، چونکە زۆربەیان دۆست و برادەرم بوون و ئەوانی تریشم هەموو دەناسی، دەمزانی موجازەفەیە بەڵام ڕۆیشتم بۆکۆجۆ، بەدوای شوێنی کۆمەڵکوژییەکاندا

دەگەڕام، زۆربەی لاشەکان بە خۆڵ بان درابوو، ئاسان بوو تەماشایان بکەی، زۆر لاشەم پشکنی و بەشێك لە بەڵگەنامەکانیانم لە گیرفانیان دەرهێناو ناوەکانیانم نوسی.
لە بەرهۆکاری ئەمنی لەلایەك و کەسوکاری شەهیدو قوربانیەکان لەلایەکی تر نامانەوێ لێرەدا ناوەکان بڵاو بکەینەوە، بەڵام ناوی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی گوندی کۆجۆی کۆمەڵکوژکراو، ئەمانەی خوارەوەن:"
یەکەم: گۆڕی بەردەم ماڵی دەخیل عیسا
دووەم: گۆڕی بەردەم ماڵی بەشار خەشمان
سێیەم: گۆڕی بەردەم ماڵیێ ئاوسف متۆ
چوارەم: گۆڕی بەردەم ماڵی تابوور
پێنجەم: گۆڕی بەردەم ماڵیێ سەعید گالۆ
شەشەم: گۆڕی بەردەم ماڵی سلێمان ئامان
حەوتەم: گۆڕی ناو رەزی سلێمان ئامان
هەشتەم: گۆڕی رەزی عەتۆ
نۆیەم: گۆڕی ناو رەزی کالۆ عەلی ئامان
دەیەم: گۆڕێ بەردەم ماڵە نوێیەکەی ئەحمەد جاسۆ
یانزەیەم: گۆڕی سوچی دواناوەندی کۆجۆ
دوانزەیەم: گۆڕی ناو رەزی عەباس قاسم
سیانزەیەم: گۆڕی نزیك گوندی بەسکی
چواردەیەم: گۆڕی دۆڵی موراد بەسی
پانزەیەم: گۆڕی سەرگردەکەش "گۆڕستانی مناڵان"ە
تێبینی: سەرچاوەیەکیش دەڵێ یەك گۆڕی تر لەناو حەوشەی قوتابخانەکەدایە، پێدەچێ ئەمە دوا گۆڕ بێت و هی "ئەحمەد جاسۆ"ی سەرۆکی عەشیرەت بێت، چونکە دواکەس و بەتەنیا کوژراوە، بەڵام ئەوانی تر

هەمووی بە کۆمەڵ کوژراون و لەو گۆڕانەن کە لە سەرەوە باسمان کرد.

19

یەکێکی تر لە دەربازبوەکانی کۆجۆ، کە خۆی تا بردنی دوایەمین پیاو، تەنانەت تا کوشتنی دوایەمین کەس "ئەحمەد جاسۆ" بە دیار دیمەنەکەوە بوە، ناوەکەی بە "ك، ح، ن" هاتوە، بەم شێوەیە شاهیدی لە سەرتاوانەکە دەدات و دەڵێ": ئاگاداریان کردینەوە کە لە قوتابخانە کۆببینەوە بە مەبەستی ئەوەی بمانگەیەننە چیا، بۆیە قوتابخانەکە پڕ بوو لە خەڵکی کۆجۆ، داعشەکان پیاوەکانیان بە حەوت وەجبە برد، من ئەمزانی ئەوان ئەیانبەن بۆ شوێنێکی نزیك لە بەر ئەوەی بە ئۆتۆمبێلەکانیان بە خێرایی دەگەڕانەوەو چیاکەش دوور بوو، بە چاوی خۆم بینیم تەنیا "ئەحمەد جاسۆ" مایەوە، کاتێك داعشەکان لە گەڵی دەرچوون بۆ سوچی قوتابخانەکە دەستڕێژیان لێی کرد، من خۆم گوێم لە دەنگی تەقەکان بوو، لە بەر ئەوەی من لەلای ئافرەت و مناڵەکان نەبوون لە سەرەوەو لە نهۆمی خوارەوەی قوتابخانەکە بووم لە نزیك پیاوەکان، دڵنیاش بووم لەوەی هەموو پیاوەکانیان کوشت .

بردمانیان بۆ سۆلاغ و هەموو خێزانەکانیان ئاگادار کردەوە کە هەموو پیاوەکانیان کوشتوەو یەك کەسیان لێنەماوە، بە ژێر ڕۆشنایی لایکی دەستیدا ئافرەتە بەتەمەنەکانیان جیاکردەوەو بردمانیان بۆ تەلعەفەرو لەوێ یەك مانگ ماینەوە، لەوێشەوە بۆ گوندە شیعە تورکمان نشینەکان .

داعشەکان دووکچمیان برد، یەکێکیان تەمەنی "15" ساڵ و دووەمیان تەمەنی "7" ساڵ بوو، دوای ماوەیەك

بردمانیـان بـۆ سـوریاو لەوێـش کچێکـی تـرم کە تەمەنـی "12" ساڵ بوو بردیان. لە سوریا لە زیندانماینەوە، خۆم و سێ منداڵ، لەوێ هەڵهاتین، گەیشتینە سنووری تورکیـا، بە ڕێگای شوانێك گەیشتینە هەرێمی کوردستان.
خانەوادەی هاوسـەرەکەم لە دووژن پێکهـاتبوو، سـەرجەم "45" کەس بـــوین، ئافرەتەکانیـــان رفانـــدو بـــرد، پیـــاوو گەنجەکانیشیان کوشـت، تەنها "8" کەس ماینەوە.

20

